**بۆپێشەوە**
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

**پاشکۆ**


**خوێنەرانی بۆپێشەوە**
ئەوەی لە ژمارەیەدا دەیخوێننەوە، بریتیە لەکۆمەڵێک دیمانە لەگەڵ بەشێک هەڵسوراوانی سیاسی و جەماوەری و رابەرانی بەشدار لەڕاپەرین و بزوتنەوەی شورایی ساڵی ١٩٩١دا...

ژمارە( 23 ) پاشکۆی (1) 5/3/2018 | مانگی دووجار لە (1) و (15)ی هەموو مانگێکدا دەرئەچێت | بڵاوکراوەیەکی سۆشیالیستییە


# دوای ٢٧ ساڵ بەسەر راپەرین و ڕامالینی دەسەڵاتی بەعسدا، ڕاپەرین و ڕامالینی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی پێویستییەکی لەدواخستن نەهاتووە!



ڕێپێوانی شوراکان لەشاری هەولێر - نەورۆزی 1991



کاوە عومەر



عەبدوڵا سلێمان



لاوژە جەواد




جەمال موحسین



وەستاجەلال




سەردار عەبدوڵا



سامان کەریم


## ڕابەران و هەڵسوراوان لەبارەی ڕاپەرین وئەزموونی بزوتنەوەی شوراییەوە دەدوێن!



خەسرەو سایە



محەمەد مستەفا



عەبدوڵا مەحموود



هیدایەتی مەلا عەلی

لە لاپەرەکانی دواتردا زیاتر لەبارەی ڕاپەرین وبزوتنەوەی شوراییەوە دەخوێننەوە ..

سوپاس بۆ هاوڕێ ئاراس ڕەشید کەبە زەحمەتی ئەو بەشی زۆری بابەتەکانی ئەم پاشکۆیە ئامادە بووە

## وتەی ژمارە

ئەم رۆژانە بیست و حەوت ساڵ بەسەر راپەرین و خرۆشانی جەماوەری خەڵکی کوردستاندا بەدژی دەسەڵاتی بەعس تێدەپەرێت. خرۆشان و راپەرینێک کە لەدڵی جەنگی ئەمریکاو غەرب لەدژی عێراق و لە ئاکامی لاواز بوونی بەعس لەو جەنگەدا، سەرەتا خەڵکی خوارووی عێراق و پاشان خەڵکی کوردستان هاتنە مەیدان. بەواتایەکی تر راپەرین و خرۆشانی خەڵکی کوردستان بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی لە پێشتری خەڵکی کوردستان نەبوو، بەرهەمی زنجیرەیەک لەکۆبونەوەو مانگرتن و خۆپیشاندان و نارەزایەتی لە پێشتر نەبوو، بەرهەمی شەڕی پێشمەرگانەو جوڵانەوەی چەکداری حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی نەبوو، بەرهەمی لاواز بوون و گۆڕانی هاوسەنگی هێز لە نێوان دەسەڵاتی بەعس و بزوتنەوەی نارەزایەتی و رێکخراوی خەڵکی کوردستان نەبوو، بەڵکو بەرهەمی شکست و لاواز بوونی دەسەڵاتی رژێمی بەعس بوو لەجەنگێکی نابەرابەری ئەمریکاو غەربدا، ئەویش نەک بۆ ئازاد!!کردنی عێراق و نە لەبەرئەوەی رژیمی بەعس، رژێمێکی درندەو سەرکوتگەر و دژی ئازادی بوو، بەڵکو لەپێناو ئامانجی لەپێشدا راگەیەندرواو ئەمریکادا بوو لە پێناو جێخستنی نەزمی نوێی دنیا، بەدوای شکستی بلۆکی شەرقدا... ئەم جەنگە و تێکشان و لاوزبوونی عێراق بووە بوارێک بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بێنە مەیدان و تۆڵەی خۆیان لەو رژێمە فاشیست و ئینسان کوژە بکەنەوە، لەو رژێمە ئازاد بن و ئیتر بەهۆی کارو هەڵسورانی سیاسیەوە کەس توشی راوەدوونان، گرتن و زیندنی و ئیعدام نەبێتەوە، وە بەهۆکاری سیاسی شوێنی کارو ژیانیان میلیتاریزە نەکرێت و لەهەموو ئەوانەش گرنگتر خەڵکی کوردستان لە پلەی دوویی رزگاریان بێت...

خواستی خەڵکی کوردستان، بۆ ئازادی و شکۆی ئینسانی، پاڵنەری سەرەکی ئەو راسان و خۆپیشاندانە بوو کە رژێمی بەعسی لە کوردستان وەدەرنا... هاوکات خۆبەستنەوەی حزبەکانی کوردستان بە سیاسەت و نەخشەکانی ئەمریکاوە، ئەو رێگایە بوو کە لێیەوە بتوانن، ویستی ئازادیخوازی خەڵکی

بۆ لاپەرە ٢

# ” ناسیۆنالیزم دەورانە مێژووییەکەی خۆی بەسەر بردوە، بەرەو نەمان ( ئینقراز) دەڕوات. ناسیۆنالیزم مانای بەرزڕاگرتنی نەتەوەیەک بەسەر نەتەوەیەکی تردا بەرەو کۆتایی دەڕوات “



محەمەد مستەفا ناسراو بە حمە رانیەیی:
یەکێک بوو لەو کەسانەی یەکەم هێرشیان بردە سەر دام و دەزگاو هێزەکانی رژێمی بەعس لە شاری رانیە، لە رۆژی یەکەمی راپەرین لە ٥ی ئازاری ١٩٩١. هەروەها یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی شوراکان لە شاری رانیە و رۆڵی بەرچاوی هەبووە لە یارمەتیدانی ئاوارەکانی کۆڕەوەکەی هەمان ساڵ.

**بۆپێشەوە:** لە ژێر سایەی خۆ بەستنەوەی حزبە بۆرژوازیەکانی کوردستان، لەساڵی ١٩٩١دا بە جەنگخوازی و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا، ئەو حزبانە دەستیان لەدەسەلات گیر بوو، کەچی دوای ٢٦ ساڵ، نیوەی قەڵەمڕەوی دەسەلاتیان، بەبەرچاوی ئەمریکا لە دەستدا. چۆن ئەمە لێک دەدەنەوە؟

حەمە ڕانیەیی: بزووتنەوەو ئەحزابی ناسیۆنالیستی ئەوەی پێی دەوترێت (کوردایەتی)، لەماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا نەیتوانیوە بگات بەئاوات و ئامانجەکانی گەلی کورد، شکست لە دوای شکست لەمێژووی خۆیان تۆماریان کردووە، ئەمە بۆ؟ بەڕەئی من؛ حەرەکەی کوردایەتی هیچ کاتێک پشتی بەخۆی و خەڵکەکەی نەبەستووە، هەمیشە ئیشیان لەسەر بێ ئیرادەیی خەڵک کردووە کە فلان دەوڵەت پشتیوانمانە ترستان نەبێ! یان بەڕەسمی و غەیرە ڕەسمی بەپێی بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتانەی کە هاوپەیمان بوون لەگەڵیاندا هاتوون سیاسەت و ستراتیجیەتی خۆیان دارشتووە. واتە نەیانتوانیوە ئیرادەی پشت بەستن بەخۆ بکەنە چەمکی ڕێگای خەبات و تێکۆشانیان. هەربۆیەشە هەرکاتێک ئەو دەوڵەتە زلهێزانە یان ئەقلیمیانە، ویستبێتیان ئاوا ڕێچکەی خەباتیان گۆڕیوە، هەندێ جار تا ڕادەی ئاشبەتاڵ و توانەوە. ناسیۆنالیزمی کورد هەمیشە لەناو معادەلاتدا بووە هیچ کاتێک سەربەخۆ نەبووە، ئێ ئەو دەوڵەتانەش بەپێی بەرژەوەندی و مەساڵیحی خۆیان، هاتوون کوردیان بەکارهێناوە بۆ جێبەجێ کردنی ئەجێندای سیاسی خۆیان، تازەترین نموونەش بەدەستەوەدانی نیوەی خاکی کوردستان لە چەند سەعاتێکدا، چونکە نەیانتوانی بە ئاراستەی پێچەوانەی هاوکێشە سیاسیەکانی دەوڵەتی ئەمریکا و ئێران و تورکیاو ... هتد بڕۆن. ناسیۆنالیزم لەسەر بەرژەوەندی ئیش دەکات، دەیەوێت لەڕێگەی بەرژەوەندی بگات بەدەسەلات. بۆیە شکست دەخوات. ناسیۆنالیزم ناتوانێت ئیش لەسەر بوونی نەتەوەیەک بکات. نەتەوەیەکی چل وپێنج ملیۆنی لەسەر ئەم ئەستێرەیە جێگاو ڕێگایەکی نیە، هەر تۆزێک سەر دەربێنێ دوو دەوڵەت و سێ دەوڵەت یەکدەگرن چۆن سەرکوتی بکەن. ئەمجارەیان لە ڕیفراندۆمەکە و بەتازەگیش لەهێرش و پەلامارەکانی ئیسلامیە توندڕەوەکان و ڕژێمی فاشیزمی تورکیا و هەموو دنیا بەیەکەوە یەکی گرت وە یان لانی کەم بێدەنگیان هەڵبژارد، نەتەوەیەک لەلێواری جینۆساید و سڕینەوەیە، هیچ کەس یەک حەرف ناڵێت نە لەئاستی دەوڵەتەکان، نە ڕەئی گشتی دنیا لەگەڵ بوونی ئەم نەتەوەیە نامۆیە و زۆر بێ باکن. ئیتر دەبێ ئەم نەتەوەیە و بزووتنەوەکەی بەخەبەر بێت، کاتی ئەوە هاتووە دەست بەشاقەلی ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەتەوە نەگرین. دەبێ ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی خۆمان بخەینە گەڕ، پشت بەخودی خۆمان ببەستین، کەئەمە تاکە وەسیلەیەکە بۆ ڕزگاربوون لەژێر دەستەیی، هەڵبەتە ئەمە بەناسیۆنالیزم ناکرێت واتە ئەم وەحدەی نەتەوەییە ئیشی ناسیۆنالیزم نییە. کورد دەبێ بگەڕێتەوە بۆ بوونی خۆی، خۆی خاوەنی ئیرادەی خۆی بێت. هەڵبەتە ناسیۆنالیزم دەورانە مێژووییەکەی خۆی بەسەر بردوە، بەرەو نەمان ( ئینقراز) دەڕوات. ناسیۆنالیزم مانای بەرزڕاگرتنی نەتەوەیەک بەسەر نەتەوەیەکی تردا بەرەو کۆتایی دەڕوات، چونکە ناسیۆنالیزم لەجێگای ئیمپراتۆرەکان سەری هەڵدا، ئێستا بەیەکەوە ژیان، زیاتر ڕەواجی هەیە. سەیری ئەوروپا بکەن کەس ناڵێ من ئینگلیزم یان سویدیم لەهەر کەسێک بپرسی دەڵێت من ئەوروپیم. یەکێتی ئەوروپا شوێنی ناسیۆنالیزمی ئەوروپی لێژکردووە، بۆکوردیش هەمان شتە چۆن مارکس هات لەسەر هەژارترین و بەشمەینەتترین چینی کۆمەڵ کرێکاران شۆڕشی بینا کرد و لەسەر چینی کرێکار شۆڕشی سۆشیالیستی دەست پێکرد، بۆ نەتەوەی کوردیش هەمان فکر دەکرێت کارا بێت نەتەوەیەکی چل پەنجا ملیۆنی لەسەر ئەم زەویە نەفی وجودی دەکرێت. هیچ کەس لەم جیهانە پان و بەرینە لەماوەی سەد ساڵی ڕابردوو ئیعتیراف بەبوونی ناکات کەواتە چەوساوەترین مرۆڤن لەسەر ئەم ئەستێرەیە، دەکرێت لەسەر ئەم بەکەم زانینە ئەم بچووک سەیرکردن و هیچبوونە، هوشیاریەکی تر بێتە دەرێ ئەم نەتەوەیە بێدار بکاتەوە، کوردبوون دەکرێت ئەو وێستگەیە بێت هەم ئیتحادێکی نەتەوەیی دروست بکات و مەساڵیح و دەسەلات وەلا بنێت و ئیش لەسەر بوونی کورد بکات. سەیری کوردستانی ڕۆژئاوا بکەن ناتوانێت ناسیۆنالیزم لەوێ حاکم بێت. دەبێ هەموو پێکهاتەکان بەیەکەوە لەدەسەلات بن. بۆ کوردستانی باشووریش بەتایبەتی ناو شاری کەرکوک و خانەقین و مەندەلی و تەواوی ناوچە جێناکۆکەکان ناتوانێ ناسیۆنالیزم حوکم بکات، چونکە وەک داوی جاڵجاڵۆکە ئەو نەتەوانە بەناو یەکداچوون. هەردەبێ حوکمی خۆجێی دەستەبەر بکرێت وەک نموونە دەکرێت، یان هەر فۆرمێکی تر کە هەموو نەتەوەو پێکهاتەکان بەهاوبەشی لەدەسەلاتدا بن، مارکسیزم

## درێژەی ... سەر وتار

کوردستان بدزن و بیکەنە دەستمایەی داسەپاندنی دەسەلاتداریتی خۆیان... بەلێ حزبەکانی کوردستان، هاتنەوە شارەکان و دەسەلاتداریتی خۆیان، داسەپاند... یەکەمین کارێک کە دەستیان بۆ برد، لێخۆشبوون بوو لە گرێگرتەکانی سەر بەبەعس، لە ئەمن و ئیستخباراتەوە بۆ سەرۆک فەوج و مەفرە تایبەتەکان... و هاوکات دەستدانە کوشتنی ژنان بوو لە ژێر ناوی هاوکاریان لەگەڵ دەزگا ئەمنەکانی بەعس و یان بەبیانووی پاساوی ئەخلاقی... ئەو ژن کوشتنەی ئێستا درێژەی هەیە، درێژکراوەی ئەو شەپۆلی کوشتنی ژنانە بوو لەگەڵ گەرانەوەیان بۆ ناو شارەکان...دەستیان پێکرد. ئەو گرتە فیدیۆیەی هەفتەی رابردوو بڵاوکرایەوە، کە ژمارەیەک ژنی قوربانی تیایدا دەردەکەون... درێژکراوەی دیدگاو کارنامەی دژە ژنی دەسەلاتی بزوتنەوەی کوردایەتییە...

کارێکی تری ئەو حزبانە کەزوو دەستیان بۆ برد، تالان و فەهودکردنی ممتەلەکاتەکانی حکومەت و زوربەی زۆری دام و دەزگاکان و رەوانەکردنی بوو بۆ ئێران و فرۆشتنی... کە سەدی بێخمە و نموونەیەکی لە بیر نەکراوی ئەو تالانییە بوو... ئەو تالانی و فەرهودەی ئێستا هەیە، ئەو هەرزان فرۆشیەی نەوت و سامانی خەڵکی کوردستان کە تا ئێستا درێژەی هەیە، درێژکراوەی ئەو دزی و تالانییەی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیە لەگەڵ گەرانەوەیان بۆ ناوشارەکان... دەستیان پێکرد.

کارێکی تری ئەو حزبانە، هێرش بوو بۆسەر شوراکان و هەڵسوراوانی و داخستنی بنکەکانی شوراکان، کە دەسەلاتی لەخوارەوەی جەماوەریان بۆ بەرێوەبرنی کۆمەڵگە خستبووە دەستورەوە... ئەو سەرکوتی ئازادیی و گرتن و راوە دوونان و زیندانیکردنەی رابەران و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی نارەزایەتی و جەماوەری و کوشتنی خۆپیشاندانەکان و تیرۆری رۆژنامەنووسان و... درێژەی ئەو سەرکوت و هەنگاوە دژی ئازادیانەیە کە لەگەڵ گەرانەوەیان بۆ ناو شارەکان دەستیان بۆ برد....

بۆیە چ تالانچیتی و مافیایی ئەو دەسەلاتە و گوێ خەواندنی لە ماف و خزمەتگوزارییەکان، تا دەگاتە سەرکوتگەری و دژی ئازادیی و دژی ژن بوونی ئەو دەسەلاتە... ریشەی لە ماهیەتی بزوتنەوەی کوردایەتیدایە وەکو بزوتنەوەیەکی کۆمەلایەتی... و حزبەکانیشی بە دەسەلات و ئۆپۆزیسیۆنەوە... نوێنەری ئەو بزوتنەوە کۆمەلایەتیەن... کە بزوتنەوەی چینە داراکان و ستەم گەرەکانی کۆمەڵگەیە... سەرانیشیان لە حزب و حکومەتدا!!! دەمیان ژەنیوەتە داهات و سامانی کۆمەڵگەو دزو تالانیان بە یاسایی کردووە، پەسەندکردنی یاسای خانەنشینی، ٣٠٠ هەزار دینار مانگانە بۆ کارمەندو فەرمانبەرێکی خاوەن ٣٠ ساڵ خزمەت، و لەبەرمبەردا دانانی بری ٤ ملیۆن دینار بۆ ئەندامانی خانەنشینی پەرلەمانێکی کارتۆنی و ساختەی حزبی... کە لەمێژووی دورو درێژی کاری پەرلەماندا یەک دەسکەوتیان بۆ خەڵک، نەبووە، ئەو سکاندال و تاوانکاری و دزییە بەیاسایی کراو و مێژوویەیە، کە بزوتنەوەی کوردایەتی و سەرانیان ئولفەتیان پێوە گرتووە... ئێستا دوای ٢٧ ساڵ، ئەو دەسەلاتە هیچ دەستکەوتێکی نییە تا جێگای شانازی و نازین پێوە بوونی بێت... خەڵکی کوردستانیش هیچی لەو دەسەلاتە دەستنەکەوتووە، جگە لە بێمافی و بێ موچەیی و بێکاری و گرانی و تالانی سامان و داهاتەکەی و سەرکوتگەرییەکەی لە بەرامبەر ئازادی و ئازادیخوازیدا... تەنانەت هێشتا ئایندەی سیاسی کوردستان، نادیارە... بەتایبەتیش بەدوای ١٦ ئۆکتۆبەر ئەو ئایندەیە هێندەی تر نارۆشنتر و لیلترە...

بەعس ٢٧ ساڵە رۆشتووە کەچی خەڵکی کوردستان، هەر وێڵی دوای ئازادی و ماف و خزمەتگوزارییەکان و دەسەلاتێکی جێگا متمانە و شارستانین... بەدیهاتنی ئەمەش بەر لەهەر شتێک لە گرەوی راماڵینی ئەو دەسەلاتەدایە... وە جگە لە راپەرین و شۆڕش... هیچ رێگایەکی تر لەبەردەم خەڵکی کوردستاندا نییە، بۆ رزگار بوون لەو دەسەلاتە، چونکە ئەو دەسەلاتە نەچاکسازی هەڵدەگرێت و نەلەرێگای هەڵبژارنەوە دەستی لەدەسەلات کۆتا دەکرێت... ئەوەی ئەو دەسەلاتەی راگرتووە، زۆری میلیشیاو چەک و سەرکوت و بوونی دەزگایەکی پانوپۆری فریوکاری و چەرخاندنی ماشینی درۆسازییە کە نووسەرە دەربارەکان و موچەخۆرەکانیان... بەرێوەی دەبەن. خەڵکی کوردستان، و لە پێشیانەوە بەرەی چەپ و کۆمۆنیست و ئازادیخوازەکەی، دەبێ هەرچی زووە، ئامادەکاری تەواوی سیاسی و جەماوەری و رێکخراوەیی، بکەن. پێویستە لە دەوری ئاسۆیەکی سیاسی رۆشنی سۆسیالیستی و ئینسانی کۆببنەوە. بە وەگەرخستنی ئیرادەی راستەوخۆیی جەماوەری، کاری کۆتاییهینان بەو دەسەلاتە بەسەمەر بگەیەنن. کە نان و ئازادی و سەربەخۆیی و دەسەلاتی خۆبەرێوەبەری راستەوخۆی جەماوەری زامن بکات.

**سەرەتای ئازاری ٢٠١٨**

بۆپێشەوە FORWARD
بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

شانسی هاتنە دەرەوەی زۆرە بەهێزێکی ترەوە چونکە تاکە فکرەیەکە قسە لەیەکسانی دەکات... بۆ بەجێ گەیاندنی دەسەڵاتی یەکسان پێویستمان بەگەڕانەوەیە بۆ بوونی خۆمان بەبێ بوونی ئایدۆلۆجیایەکی دیاریکراو کە مافی ئەوانی تر بخاتە ژێر پێوە. دەبێ هەموو کەس بوونی خۆی وخەونەکانی تێدا بدۆزێتەوە. ئینجا شورا بێت یان حوکمی خۆجێی دیموکراتیک بێت یان هەر فکرێکی تر بێت کە ئینسانی کورد بوونی پارێزراو بێت..

**بۆپێشەوە:** دوای ٢٦ ساڵ، پێتان وایە ئەو دەسەڵات و سیستەمە پێویستی بە گۆڕان هەیە؟

**حەمە ڕانیەیی:** هەڵبەتە دەسەڵات و سیستەم دوو چەمکی جیاوازن. دەسەڵات لەناو سیستەم دایە، کاتێک ئێمە بەلای دەسەڵات لەسەر مان لادەچێت، دەبێت لە سیستەم بگەین، چونکە سیستەم مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە هەزاران ساڵە مرۆڤ لەسەر ئەم زەویە بەدوای ئەوەدا وێڵە ژیانی سیستماتیک بکرێ. بۆئەوەی ئەو وەڵامەی دەست بکەوێت (من کێم) بۆ هاتووم، چۆن دەبێ بژیم، بۆ کوێ دەڕۆم؟ بەهەر حاڵ زۆرێک لە بیرمەندەکان هەوڵیانداوە وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە. بیردۆزیی عەقدی ئیجتیماعی جان جاک ڕۆسۆ بۆ ڕێکخستنی ژیانی خەڵک، یەکێکە لەو هەوڵانەی کە مرۆڤ بە سیستەم دەکرێت. واتە پێناسە دەکرێت، ناسنامەیەکی پێدەدرێت، وەک ئەوەی من مارکسیم، من ئیسلامیم، من لیبراڵم ، من ...هتد. هەموو ئەو پێناسە کردنانە ئەمە سیستەمە. هەموو ئەو پێشگرو پاشگرانە هەموو شتێکن، بەڵام بوونی ئەسڵی ئەو کەسە نییە.. دەسەڵات لەناو ئەم سیستەمەدا نەشونما دەکات. بۆئەوەی سیستەم تێک بشکێنین دەبێ بگەڕێینەوە بۆ خۆمان. بەبێ بوونی ئەو پێشگرو پاشگرانەی کە ئینسانەکانی پێ پێناسە دەکرێت. چونکە هەرچی دروست بکەیت لەکۆتاییدا لەهەمان بازنەدا جۆرێکی تر لەدەسەڵاتێکی تازە لەدایک دەبێت. ئەمە ڕەوتی قۆناغەکانی مرۆڤە لەمێژوودا. بەڵێ دەبێ گۆڕانکاری بەو ئاراستەیەدا بڕوات. چونکە گۆڕانکاری ئەم دەسەڵات بڕوات ئەوی دی جێی بگرێتەوە، هەر دەگەین بەوەی کە لەهەمان خولگەدا جێ گۆڕکێی دەسەڵات بکەین. ئەمیان کەمێک باشترە یان تۆزێک خراپترە. بەهەرحاڵ با تەجروبە هەڵەکانی مێژوو دووبارە نەکەینەوە، دەکرێت ناوی بنێین ڕیفۆرم لەدەسەڵاتدا.

ئەمە بەشێوەیەکی گشتی لەسەر سیستەم و دەسەڵات. ئەوەی دەگەڕێتەوە سەر کات و زەمەنی لاچوونی ئەم دەسەڵاتە ناسیۆنالیستیەی کوردستان، بێگومان نەک تەجروبەی ٢٦ ساڵی ڕابردوو بگرە تەجروبەی سەد ساڵی ڕابردووی ئەم بزووتنەوەیە نیشانی داوە لەئاستی وەڵامدانەوە نییە بۆ دۆزی گەلی کوردو ڕزگاربوونی ئەم نەتەوەیە لەچنگ نەهامەتی و ماڵوێرانی، دەبێت بیر لەوەحدەی نیشتیمانی بکرێتەوە لەهەر چوار بەشەکەی کوردستان لەهەر شوێنێکەوە پەلاماردرا لەبەشێکی تری کوردستان خەڵک بێتە مەیدان، نموونە لەڕۆژئاوا کورد پەلامار دەدرێت لەباکورو باشورو ڕۆژهەڵات هیچ پەرچەکردارێک نییە، دەبێ ئیرادەیەک بێتە دەرەوە بەم هوشیاریەوە کار بکات ئینجا دەتوانێت شەڕی بوون و مانەوە بکەین. هەڵبەتە بە تێڕوانینی من کوردبوون دەکرێت ئیشی لەسەر بکرێت و یەکێتی نەتەوەیی دروست بێت، کە بەهیچ شێوەیەک کوردبوون پەیوەندی بە (کوردایەتی) یەوە نیە، دووشتی زۆر لێک جیاوازن.

**هەر سەر کەوتوبن**

# ” ئەوە کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێشە لەبەر نەبوونی وشیاری و یەکێتی و یەکریزی بەهەشت بۆ سەرمایەداران دروست دەکات “



وەستا جەلال
یەکێک لە رابەران و هەڵسوراوی بزووتنەوەی شورایی لە هەولێر.

**بۆپێشەوە:** حزبە بۆرژوازییەکانی کوردستان، بەدوای ڕاپەرینی خەڵکی کوردستاندا، بەڵێنی کردنی کوردستان بە بەهەشتیان دەدا، بنەمای ئەو بەڵێنانە چی بوو؟ بۆچی نەیانتوانی ویستەکانی خەڵکی کوردستان وەدی بێنن؟

**وەستا جەلال:** حزبە بۆرژوازیەکانی کوردستان بە ناسیۆنالیست و ئیسلامیەکانیانەوە پێش ئەوەی ڕاپەرینی 1991 ڕوو بدات بەرەیەکیان پێک هێنابوو بەناوی بەرەی کوردستانی هەموو ئەندامانی بەرەکە لەسەر چەند خالێکی سەرەکی سەبارەت بە ئیدارەکردن و بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان رێک کەوتبوون، زۆربەی ئەو خالانەش پەیوەندی بە ڕژێمی بەعس و شێوەی ئیدارەکردنی هەرێمی کوردستان لە ڕووی سیاسیەوە بوو، نەک سیستەمی بەڕێوەبردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی پەیوەند بە کرێکار و زەحمەتکێش، یان ریفاهی کۆمەڵایەتی، لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە هەموو حزبەکان ململانێی ئەوەیان دەکرد ئەندام بۆ حزبەکەیان زیاد بکەن، بۆشیان گرنگ نەبوو ئەو کەسانەی دەیان کەن بە ئەندام چ ڕابردویەکیان هەیە، لەڕوی ئابوورییەوە هەموویان خەریکی دزی و تالانکردنی سەروەت و سامانی کوردستان بوون، چەندین موڵک و سەروەتی کوردستانیان داگیر کرد و کردیانە مەڵبەند و کۆمیتە و ڕێکخستن و مەکتەبی سیاسی . لە ڕاپەرینی 1991 بەرەی کوردستانی بۆیە ئەو بەڵێنانەی بە خەڵکی کوردستان دەدا، کە دەیان وت کوردستانتان بۆ دەکەینە بەهەشت بۆئەوەی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆیان پێ دامەزرێنن و بەهێزی بکەن. ئەوە 27 ساڵە ئەو حیزبە بۆرژوازی و ئیسلامیانە بەڵێن بە خەڵکی کوردستان دەدەن کوردستانیان بۆ دەکەنە بەهەشت، بەڵام بە پێچەوانە پاش چەندین ساڵ ئێستا موچە و ئاو و کارەباشیان لە خەڵک بڕیەوە. حزبە بۆرژوازی و ئیسلامیەکان لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵک بەهەشتیان بۆ خۆیان دروست کردوە، بەڵام هەژاری و بێکاری و برسیەتیان بۆ خەڵک هێناوە. هیچ کاتێک حزبە بۆرژوازی و ئیسلامیەکان ناتوانن بەهەشتێک بۆ خەڵکی کرێکار و هەژار و زەحمەتکێش دروست بکەن، بە پێچەوانەوە ئەوە کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێشە لەبەر نەبوونی وشیاری و یەکێتی و یەکریزی بەهەشت بۆ سەرمایەداران دروست دەکات، هەموو بەڵێن و پڕوپاگەندەکانی حیزبە بۆرژوازی و ئیسلامییەکان بۆ چارەسەری هەژاری، بێکاری، برسیەتی، خۆشگوزەرانی و ئەمن و ئاسایش تەنها بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات و بە یاساییکردن و زولم و چەوساندنەوەیە.

**بۆپێشەوە:** لە ژێر سایەی خۆ بەستنەوەی حزبە بۆرژوازیەکانی کوردستان، لەساڵی ١٩٩١دا بە جەنگخوازی و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا، ئەو حزبانە دەستیان لەدەسەڵات گیر بوو، کەچی دوای ٢٦ ساڵ، نیوەی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتیان، بەبەرچاوی ئەمریکا لە دەستدا، چۆن ئەمە لێک دەدەنەوە؟

**وەستا جەلال:** دوو خاڵی سەرەکی هەن سەبارەت بەو حزبانەی هەرێمی کوردستان دەمەوێ لێرە باسی بکەم؛ یەکەم: ناتوانرێت هیچ ناوێک یان پێناسەیەک بدۆزیتەوە بۆ ناسینی ئەو حزبانەی هەرێمی کوردستان. تەنها حزبی مافیا نەبێت. لەبەرئەوەی نە باوەڕیان بە خاک و نیشتیمان و هاوولاتی هەیە، نە باوەڕیان بە ئاین و مەزهەب و سکۆلاریزم هەیە، لە پێناو بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری خۆیان سات و سەودا بە خاک و نیشتیمان و ئاین و خەڵکیش دەکەن. دووەم ئەم حیزبانە نە باوەڕیان بە خۆیان هەیە بەرگری لە خاک و نیشتمان و خەڵک بکەن، نە باوەڕیان بە هێزو پشتیوانی خەڵک هەیە پشتی پێ ببەستن. هەمیشە بوونەتە کارتی دەستی وڵاتە زلهێزەکان و ناوچەکە، بڕیاری سیاسی چارەسەری کێشەکانی کوردستان لە واشنتۆن و مۆسکۆ و ئەنقەرە و تاران دەردەچێت. لە ڕاپەرینی 1991 یەکەوە پاش دەست بەسەر داگرتنی ئەو هەموو سەروەت و سامانەی کوردستان، هەروەها لە ساڵی 2003 وە ئەو هەموو بوجەیان لە حکومەتی ناوەندی وەرگرتوە، لە ساڵی 2013 بەهۆی شەری داعشەوە زۆربەی ناوچە دابڕاوەکان کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان و زۆربەی نەوتی ئەو ناوچەیان بۆخۆیان فرۆشتوە. سەرەڕای هەموو ئەوانە لەبەر ئەوەی هیچ پلانێکیان بۆ چارەسەری کێشەی ستەمی نەتەوایەتی و گێڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان نەبووە، هیچ پلانێکیان بۆ چاککردنی ژیان و گوزەرانی خەڵک سەبارەت بە هەژاری و بێکاری و پێداویستیەکان وەکو ئاو کارەبا و نەخۆشخانەکان نەبووە. حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 1991 تاکو ئێستا کە ئەو دەسەلاتەی کە بویەتی بە دەسەڵاتێکی کاتی زانیوە، بۆیە هەموو هەوڵەکانی لە پێناو بەتالانبردنی سەروەت و سامانی هەرێمی کوردستان بووە. ژیان و گوزەرانی مرۆڤەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی و مەسەلەی چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی کەرکوک و بەتایبەت ناوچە دابڕاوەکانیشی بۆ گرنگ نەبووە. دەبینین حکومەتی ناوەندی دەتوانێ بە ئاسانی لە 16ی ئۆکتۆبەر ئەو ناوچانە بگرێتەوە. بۆ ئەمریکاش گرتنەوەی ئەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە و گەرانەوەی حکومەتی ناوەندی هەلوێستێکی سیاسی و بەرژەوەندی ئابوریە، تاکو ئێستا ئەمریکا دیفاع لە یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکات و دەسەڵاتی کوردیش لە پێناو بەرژەوەندی خۆی بەکار دەهێنێت. زۆر کەس پێیان وایە لەبەر ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بانگەوازی خەڵکی کوردستانی کرد بۆ ریفراندۆم، بۆیە ئەمریکا هەڵوێستی سیاسی گۆڕاوە لەبەرامبەر دەسەڵاتی کوردی گۆڕاوە. نەخێر ریفراندۆم بکرابایە و نەکرابایە هەڵوێستی ئەمریکا لەسەرەتای روخانی رژێمی بەعسەوە تاکو ئێستا بەرگریکردنە لە یەک پارچەیی خاکی عێراق، بۆیە من پێم وانییە هیچ شتێک لە سیاسەتی ئەمریکا لە بەرامبەر حکومەتی هەرێم گۆرابێت، ئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستانە ئاسۆی سیاسی خۆی گرێداوەتەوە بە سیاسەتی ئەمریکا، و بۆتە کارتی دەستی وڵاتانی دراوسێ و هیچ بەرنامە و پلانێکی سیاسی و ئابوری کۆمەڵایەتی بۆ هەرێمی کوردستان نییە.



# „ دەستکەوتی گەورەی بزوتنەوەی شورایی لە هێنانەکایەوەی ئەو سونەت و مۆدێلە چینایەتی و جیاوازەدایە کە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە خستیە بەردەست. “



خەسرەو سایە
یەکێک لە رابەران و هەڵسوڕاوانی ڕاپەرین و بزووتنەوەی شورایی ساڵی ١٩٩١، هەروەها نوێنەری شورای سەراسەری شاری سلێمانی.

بۆپێشەوە: داوی ٢٧ ساڵ بەسەر ڕاپەرینی خەڵکی کوردستاندا، خەڵکی کوردستان بەدوای فرسەتێکدا دەگەرێن بۆ ڕاپەڕین بەسەر دەسەڵاتی حزبەکانی کوردستاندا، هۆکاری ئەمە چییە؟ چەند جارێکیش دەستی بۆ برا، ١٧ی شوباتی ٢٠١١ بە نموونە؟

خەسرەو سایە: بەزمانێکی سادە، هۆکاری دەستبردنی خەڵک بۆ ڕاپەڕین بەسەر هەر دەسەڵاتێکدا، هەستکردن و هۆشیاربوونەوەی هەرئەو خەڵکەیە، بەزوڵم و زۆر و ستەم و چەوسانەوە و نابەرابەریەک کەبەرەو ڕوویان کراوەتەوە. بەتاییەتی کاتێک کەخەڵکی ناڕازی ڕێگایەکی تریان لەبەردەمدا نەبێت بۆ ئاڵوگۆڕپێدانی هەلومەرجی ژیانیان و گەیشتن بەداخوازیەکانیان، ناچاردەبن دەست بۆ شۆڕش وڕاپەڕین بەرن. بەم جۆرە دەتوانین بڵێین کەدەستبردنی جەماوەر بۆ ڕاپەرێن لەبەرامبەر دەسەڵاتدارانداـ کردەیەکی ناچاری و ئیستسنایە. بەڵام ئەگەر لەڕوانگەی تیۆری سیاسیەوە لەپرسیارەکەتان قوڵتر بڕوانین ئەوا ڕاپەڕین کردە و دیاردەیەکە لەمێژوودایە، ئەمە بەومانایەی کە ڕاپەڕین لەجەرگەی توندبوونەوەی خەباتی چینایەتی و پراکتیک و پێشڕەوی بزووتنەوە سیاسیەکاندا دێتەکایەوە کە هەریەکەیان نوێنەری ئاسۆ و ئامانجێکی چینایەتین. بەم مانایەش ڕاپەڕین هەم پێشینە و هەم ئێستا و داهاتووی خۆی هەیە و لەئانو ساتێکیشدا بەکردەوە دەردێت، کەلەلایەک هێزی ڕێکخەر و ڕابەری جەماوەر لەمەیداندابێ و قابیلیەتی بردنەسەرەوەی خەباتی جەماوەری بۆ ئاستێکی یەکلاکەرەوە و باڵاتری کەوتبێتە دەست، لەلایەکی تریشەوە هاوکێشەی هێزی نێوان جەماوەر و دەسەڵات گۆڕابێ و ڕووخان و وەلانانی دەسەڵات کەوتبێتە سەر زمانی خەڵکی سادە. بەڵام ئەوەی کە بۆچی خەڵکی کوردستان ماوەیەکی زۆرە شوێنکەوتەی ڕاپەڕینە، لەلایەک، بەڵگەیە بۆ فەشەل و بن بەستی ئەزمونێکی دەسەڵاتدارێتی کەحزبە بۆرژوا ناسیونالسیتەکان دایان مەزراندوە، دەسەڵاتێک کە لەئاست وەڵامدانەوە بەئومێد و خواستەکانی زۆرینەی خەڵکی کوردستاندا نەبووە. ئەوانیش ئیتر نایانەوێت لەژێر سایەیدا ژیان بکەن، بۆیە عەودالی دۆزینەوەی ڕێگایەکن بۆ وەلانانی کەئەویش ڕاپەڕینە. لەلایەکی ترەوە؛ خودی درێژەکێشانی ئەم شوێنکەوتنە دیسانەوە بەڵگەی ئامادەنەبوونی عونسوری ڕێکخەر و ڕابەری ڕاپەڕینی خەڵکە، عونسورێک کەهەنگاو بەهەنگاو ڕابەری نارەزایەتی جەماوەری خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بکا و بەدور لەهەر سەرچڵیەکی سیاسی و ئانارشیستی ئەم جەماوەرە ڕینمایی و یەکگرتوو بکا و لەسەر زەمینەی نابەرابەرییە چینایەتیەکان پێداویستیەکانی ڕیکخراوبوون و هوشیارکردنەوە ئامادە بکاو ئاسۆ و باوەڕی شۆڕشگێڕانە بەفراوانی لەنێوانیاندا پەرە پێبدات و سەرەنجام ببێتە فاکتۆری ئاڵوگۆڕپێدانی هاوکێشەی هێزی نێوان دەسەڵات و خەڵک. بەدیاریکراوی دەمەوێت بڵێم کە ڕاپەڕین بەبێ ئەم عونسورە ڕێگایەکی کوێری لەبەرەو توانای سەرکوت کردنی لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە کارێکی ئاسانە، هەروەک لەجوڵانەوەکانی ئەم دواییانەدا بەرچاوکەوت.


بۆپێشەوە: بزوتنەوەی شورایی تەمەنی کورت بوو، بەڵام دیاردەیەکی نوێ و جێگای پێشوازی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بوو، هۆکاری ڕووهێنانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش، بۆ شوراکان چی بوو؟

خەسرەو سایە: بەبڕوای من پێشوازی خەڵک بۆ شوراکان دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک؛ یەکێک لەوانە، خودی نوێ بوونی بزوتنەوەکە بۆ خەڵک و دەرکەوتنی وەک دیاردەیەکی شاری و جەماوەری، کەدەرگای بۆ دەخالەتکردن و هاتنەمەیدانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بەژنان و پیاوانەوە خستبوە سەر پشت. بەواتایەکی تر شوراکان بزوتنەوەیەکی سادە و کراوە و جەماوەریش بوو بەرادەی ئەوەی خەڵک لەهەمو چین و توێژەکان بەئاسانی دەیانتوانی پێوەی پەیوەست بێت و خۆیانی تیا ببیننەوە. بەتاییەتی کە شوراکان وەک پێشمەرگایەتی و حزبایەتیەک کەناسیونالیزمی کورد دایهێنابوو، پێویستی بەهیچ مەرجو ئاڵۆزیەکی فکری و پرۆسەیەکی ڕێکخراوەیی نەبوو تا خەڵک پێوەی پەیوەست بێت. بەپێچەوانەوە شوراکان کاری ڕاستەوخۆی جەماوەربوون و هەرکەس لەشوێنی کارو ژیانی خۆیدا، لەکارگەو گەڕەک و زانکۆ و بەڕێوەبەرایتەیەکاندا، بەجیالەوەی باوەڕ و رەگەزی چیە، دەیتوانی ببیتە ئەندامی شورا و تەنها مەرج باڵغبوونی تەمەنی کەسەکە بوو. هۆکارێکی تر سروشتی ئەو داخوازی و دروشمانەبوو کە شوراکان بەرزیان کردبوەوە، کەڕاستەوخۆ تەعبیر بوون لەخواستی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و ژنانێک کەبەدەست ستەمەوە ئازاریان دەچەشت. لەئاخریشدا ئەوە بڵێم شوراکان لەفەراغێکی سیاسیدا و لەدوای دەرپەڕاندنی دامودەزگاکانی ڕژێمی بەعس، تاقە ئاڵتەرناتیڤی خەڵک بوون بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆ شاییە سیاسیە و وەک دەرکەوتەیەکی بەردەستی جەماوەر هاتە مەیدانەوە، ئەمەش بواری پێدا کەبەخێرایی جەماوەر بۆلای خۆی ڕاکێشێ و ئەوانیش وەک دیاردەیەکی خۆشەویست و نوێنەری داخوازیەکانیان تێی بڕوانن و بەرەوپیری بچن.

بۆپێشەوە: گرنگترین دەستکەوتی بزوتنەوەی شورایی چی بوو؟ خاڵە بەهێزو لاوازەکانی کامانە بوون؟

⬅

# „ ئێمە کە دەستماندایە کارو چالاکی سیاسی ئەمان زانی شاخەکان پشتوو پەنامان نین؛ بەڵکو شوێنی کارو ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشان، کارگە وکارخانە و زانکۆ و فەرمانگەکان مەیدانی هەڵسوڕانمان بوو “



کاوە عومەر، یەکێک لە زیندانە سیاسیە کۆمۆنیستەکانی ئەمنە سوورەکەی سلێمانی، هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی شورایی...

**بۆپێشەوە:** ئێوە یەکێک بوون لە زیندانیەکانی ئەمنە سوورەکەی سلێمانی ڕژێمی بەعس. دەتوانیت وێنایەکی ناو زیندانمان بۆ بکەیت لە (جۆری زیندانیەکان، ئێوە سەر بە کام ڕەوتی سیاسی بوون) هەروەها ڕۆژانی نزیک بوونەوە لە ڕاپەڕین چۆن بوو.

**کاوە عومەر:** سەرەتا زۆر سوپاس بۆ بۆپێشەوە کە ئەم دەرفەتەتان بۆ ڕەخساندم کە یادی ٢٧ساڵی ڕاپەڕین وئازادبونمان لە زیندانی ئەمنە سورەکە ی سلێمانی گفتوگۆیەک بکەین.

سەرەتا پێم خۆشە بەر لەوەی باسی دەستگیرکردنەکەمان بکەم، ئاماژەیەک بە باردۆخی سیاسی وئەمنی ئەو سەردەمەی کوردستان بکەم کە ئێمە هەڵسوڕان وچالاکی سیاسی و ڕێکخراوەیمان دەکرد. ئەتوانم بڵێم لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠دەیەی ڕابردوو بەدیاری کراویش پاش شۆڕشی ئێران ودەرکەوتنی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێران و دامەزراندی حزبی کۆمۆنیستی ئێران، بزوتنەوەی چەپ وکۆمۆنیستی لە عێراق و کوردستانیش کەوتە قۆناغێکی نوێوە، هەرزوو چەپ وکۆمۆنیستەکانی کوردستانیش کە پێشتر لە ژێر کاریگەی کۆمۆنیزمی ڕوسی و ماویزمدا بوون کەوتنە ژێر کاریگەری باسەکانی مارکسیزمی شۆڕشگێڕو وردە وردە خۆیان لە ژێر کاریگەری ناسیۆنالیزم وبیری ماویزم وجۆرەکانی تری کۆمۆنیزمی باوی ئەو سەردەمە جیاکردەوە. وە بەپەرۆشەوە باس وبۆڵتنەکانی حزبی کۆمۆنیستی ئێرانیان دەخوێندەوە وگوێمان لە ڕادیۆی کۆمەڵە و حزبی کۆمۆنیست و دەرسەکانی مارکسیزم دەگرت، وکۆڕو حەلەقاتمان لەدەور دروست دەکرد ودواتر چەندین ڕێکخراو لەدەوری هەمان بیرکردنەوە و ڕەوتی فکری دامەزران. بەڵام زۆرترین هەڵسوڕانی جدی لەشێوەی ڕێکخراودا لە دوای ساڵی ( ١٩٨٧- ١٩٨٨) پەرەی سەند و فراوان بویەوە، هەروەک دەزانن ساڵی ٨٧ و ٨٨ ساڵی شکستی بزوتنەوەی چەکداری ئەحزابی ناسیۆنایستی کورد وساڵی ڕاگوێزانی دێهاتەکان و کیمیاباران و ئەنفال بوو لەلایەن ڕژێمی بەعسی فاشیست و دژی ئینسانی. بێنە پێش چاو لە بارودۆخێکدا کیماوی باران وئەنفال کراوە و دێهات و شارۆچکە بەپێوە نەماوە و بزوتنەوەیەکی گەورەی چەکداری کە تەمەنی ١٢ساڵی دوای هەرەسی ١٩٧٥ تێپەڕاند بوو، گیانی سەدان ئینسان لەڕیزی ئەو حزبانەدا بوبویە قوربانی هەموو خەڵکی کوردستان لە زمانی ناسیۆنالیستەکانەوە دەیان ساڵ و بوو شاخەکانیان بە پشتوو پەنای کورد ناو دەبرد، لەو بارودۆخەدا ئەو شارو شارۆچکانەش کە بەپێوە مابوون وەک زیندان چواردەوریان بەسوپا و تەلبەند گیرابوو، لەناو بازاڕو کوچەو کۆڵانەکاندا جۆرەها دەستە وگروپی بەکرێگیراوی بەعس وەک (هێزی فریاکەوتن << قوەت تەواری>> و مەفرەزەی تایبەت و جەیشی شەعبی و جاشی خەفیفە) گیرابوو. ئەوە جگە لە هێزەکانی هەواڵگری وئەمن وهێزی سەربازی جۆراوجۆری تر هەرچەندە ڕژێم لەلایەک شایی سەرکەوتنی دەگێڕا، بەڵام شکستی هێزی چەکدار نەیتوانی بوو خەیاڵی ڕژێم ڕاحەت بکات، هەرچەندە ئەو شکستە و ئەو بارودۆخە بێ ورەیی و بێ

⬅

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

**خەسرەو سایە:** شوراکان لە ماوەیەکی کەمی تەمەنیاندا، جگەلەوەی چەند دەستکەوتێکیان چەسپاند لەبوارەکانی خستنەڕووی داخوازیەکانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشاندا، لەجۆری ئازادی سیاسی و ئازادییە فەردی و مەدەنییەکان، یەکسانی ژن و پیاو، خواستەکانی کرێکاران و...هتد؛ لەهەندێ بواری وەک هەوڵدان بۆ لابردنی بەڕێوەبەرایەتییەکان و دانانی بەڕێوەبەری نوێ لەڕێگای هەڵبژاردنەوە، چاودێری بازار و ڕێگەگرتن بەشاردنەوەی شتومەک و خۆراک وگران کردنی لەلایەن بازرگانانەوە، گرتنەدەست و سەرپەرشتیکردنی کاروباری بەشێک لەنەخۆشخانە و شارەوانیەکان وئەمنیەتی گەڕەکەکان....بەڵام دەستکەوتی گەورەی بزوتنەوەی شورایی لە هێنانەکایەوەی ئەو سونەت و مۆدێلە چینایەتی و جیاوازەدایە کە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە خستیە بەردەست. بەتایبەتی خەڵکی کوردستان تا ئەوکاتە ئاشنایەتیان هەر لەگەڵ سونەت و مۆدێلی حوکمرانی بەعسی و کەمێکیش دەسەڵاتی میلیشیایی حزبەکانی بەرەی کوردستانیدا هەبوو. خۆشبەختانە ئەم سونەت و مۆدێلە بەڵگەنامەکانی بەتۆمارکراوی ونوسراو ماوەتەوەو بۆتە بەشێک لەمێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان. بەجۆرێک هەرکەسێک بیەوێت مێژووی دەورەی ڕاپەڕینی ١٩٩١ی کوردستان بنووسێتەوە ناتوانێ حەقائیقەکانی ئەم بەشە یانی بزوتنەوەی شوراکان و ڕۆڵێک کەگێڕایان لەبەرچاو نەگرێ.

ئەوەش بڵێم کەئەم سونەت و مۆدێلە لەڕۆژگارێکی وەک ئەمڕۆدا، وەک دەستکەوتێکی سەدان جار گرنگتر لەسەردەمی ڕاپەڕینی ١٩٩١دا، خۆی بەرجەستە دەکاتەوە، کاتێک مۆدیلی دەسەڵاتدارێتی بۆرژوا ناسیونالیستی کورد و حزبەکانی، یانی سیستەمی پەرلەمانی و حکومەتی حزبی و بنکە فراوانەکەی، سەری لەبنبەست و شکستی یەکجاریدا دەرهێناوە و خەڵکی کوردستانیش چاویان بڕیوەتە داهاتویەکی تر. بێگومان لەدۆخێکی ئاوادا، شوراکان وحکومەتی شورایی وەک مۆدێلێک بۆ دەخالەت پێدانی جەماوەر لەبەرێوەبردنی کۆمەڵگە و گەیشتن بەحاکمیەتی ڕاستەوخۆی خەڵک، کەمێژوویەکی هەیە و بەڵگەکانی لەبەردەستدان، ئەتوانێ ئاسۆ و ئامانجێکی ڕۆشنتر بەخەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ئازادیخواز ببەخشێ.

لەبارەی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی بزوتنەوەی شوراییەوە؛ سەرەتا ئەوەبڵێم ئەو دەستکەوتانەی بەکورتی ئاماژەم پێدا ئەتوانێ وەک خاڵی بەهێزی ئەم بزوتنەوەیە سەیر بکرێ، لەپاڵ ئەوانەشدا پشتبەستن بەکۆبوونەوەی گشتی خەڵک و هەڵبژرادنی ڕاستەوخۆی نوێنەران و لەم ڕێگایەشەوە دامەزراندنی شوراکانی گەڕەک و ناوەندەکان و هەڵکشانیان بۆ ئاستی شار.. وەک پەیکەرەیەک بۆ زامنکردنی نوینەرایەتی جەماوەری لەخوارەوە بۆسەرەوە، جگەلەوەی خاڵی هەرە بەهێزی ئەم بزوتنەوەیە بەدەستەوە دەدات، هاوکات دیموکراتیترین وشەفافترین مۆدێلی حوکمڕانی بەرجەستە دەکاتەوە. بەڵام لەبارەی خاڵە لاوازەکانی ئەم جوڵانەوەیەوە؛ ئەکرێ وردتر قسەی لێ بکرێ و ئاماژە بەزۆر خاڵ بدرێ، بەڵام من لێرەدا نەبونی حزبێکی سیاسی لەپشت شوراکانەوە بە سەرەکیترین خاڵی لاوازی ئەم جوڵانەوەیە دەزانم و ئەوانی تر وردەکاری عەمەلین کەهەڵسوڕاوان و ڕابەرانی هەرجوڵانەوەیەک دەتوانن لەجەرگەی چالاکی و پراتیکیاندا پەی پێبەرن و تێی پەڕێنن..

# " شوراکان بوژاندنەوەی ئومێد و هیوای بە هێز و ئیرادەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش بوو بۆ بەڕێوەبردنی خۆی و کۆمەڵگە. "



جەمال موحسین
یەکێک لە رابەران و هەڵسوراوانی راپەرین و بزوتنەوەی شورایی لە شاری سلێمانی

**بۆپێشەوە:** ئەزموونی دەسەڵاتی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لە ٢٧ ساڵی دەسەڵاتدارێتیاندا، ئەزمونی سەرکوتی ئازادی و بێمافی و ڕۆژرەشی و دەیان کوێرەوەری و مەرگەسات بوو، خەڵکی کوردستان دەبێ چی بکەن، بۆ رزگارییان لەدەسەڵاتی کوردی؟

**جەمال موحسین:** ژیانی سەخت و نەهامەتی خەڵکی کوردستان بەجۆرێکە لە زمانی هەر منداڵێکی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشەوە، هەر خانەنشینێکی بێنازەوە، هەر لاوێکی لە بێئومێدیدا خنکێنراوەوە، هەر ژنێکی چەپۆک بەسەرەوە ڕۆژانە دەرئەبڕدرێ. دۆخەکە بە جۆرێکە تەنانەت باڵە جیاجیاکانی بۆرژوازی کوردستانیش هاواریان لێ بەرزبۆتەوە. بەڵام دیارە هاواری ئەوان بۆ شتێکی ترە، بۆ خەمخواردن لە بەرەی یەکەمیان نییە بگرە بۆ ئەوەیە کە ئەوان پشکێکیان پێنەبڕاوە.

جەماوەری نەدار و هەژاری کوردستان بە چەند زمان باس لە وەلانانی ئەم دەسەڵاتە ئەکەن و لە ڕاستیدا ئەم حوکمە دەمێکە دراوە. بەڵام ئەبێ لێرەدا ئەو پرسیارە بکەین کە گەر وایە، ئەی بۆچی خەڵک نەیتوانیوە و ناتوانێ ئەمانە وەلابنێ و ڕێگری چییە؟

گەر سەرەتای یەکەمی نەوەتەکان خەڵک خۆشخەیاڵیەکی بەوە هەبووبێ کە ئەم ”دەسەڵاتە خۆماڵیە“ قابیلی ئەوەیە خێرێکی بۆ جەماوەری بێبەش تێدابێ کە بە هەمان زمان قسە ئەکەن، ئەوا دواتر ژیانی شاهانەی سەرانی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد و خاوەن سەرمایە کە لەسەر حسابی ژیانێکی کولەمەرگی بۆ جەماوەری هەژار بنیاتنراوە تا ڕادەیەک ئەو هوشیاریەی لای جەماوەر دروست کرد کە قڵشتی نێوان ئەمان و ئەوان بە ئەندازەی ئاسمان و ڕێسمانە. لەمبارەیەوە خۆشخەیاڵیەک نەماوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا خۆشخەیاڵی بە ئایدۆلۆژیای بزووتنەوەیەک کە لە پشتی ئەحزابی ناسیۆنالیستی و سەرمایەدارانی کوردەوەیە، واتە کوردایەتی، لەلایەن جەماوەرەوە فرێنەدراوە و خۆی لێ پاک نەکردۆتەوە.

بۆلاپەڕە 7

## درێژەی .. دیمانە لەگەڵ کاوە عومەر

ئومێدیەکی زۆری لەناو خەڵکی کوردستان دروست کردبوو. ئاسان نەبوو لەبارودۆخێکی وەهادا باسی سیاسەت و ڕاوەستانەوە و هەستانەوەی جارکی تر بەدژی ڕژیمی بەعس بکرێت، چونکە سەرباری سیخوڕە نهێنی و ئاشکراکانی ڕژێم بەسەر خەڵکەوە شکست و بێ ئومێدی و بێ متمانەی ناوخەڵکیش بوبویە سیخوڕیکی تر، کە هەڵسوڕانی سیاسی جێگای باوەڕکردن نەبێت لەبارودۆخێکی وادا. ئێمە کۆمۆنیست و چەپەکان لەو بارودۆخەدا دەستمان دایە چالاکی و ئامادەکاری وخۆرێکخستن بەشێوەیەکی جیاوازو بەبیروباوەڕێک و سونەتێکی جیاوازی چینایەتی، ئێمە کە دەستماندایە کارو چالاکی سیاسی ئەمان زانی شاخەکان پشتوو پەنامان نین؛ بەڵکو شوێنی کارو ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشان، کارگە وکارخانە و زانکۆ و فەرمانگەکان مەیدانی هەڵسوڕانمان بوو، بەبێ ئەوەی زۆر ئاگاداری یەک ببین لە زۆربەی شارو شارۆچکەکاندا لەژێر چەندین ناوی ڕێکخراوەیی وحەلەقات و کۆڕوکۆبونەوەی جوراوجۆرمان پێک هێنابوو.

ببورن ئەگەر پێشەکیەکەم کەمێک درێژە پێدابێت بائێستاش دەست بەوەڵامی پرسیارەکانتان بکەم، زیندانی ئەمنە سورەکە لەبنەڕەتدا تایبەت بوو بە گیراوانی سیاسی، سەرەتای مانگی سێبتەمبەری ١٩٩١ مانگێک پاش داگیرکردنی کوەیت لەلایەن سوپای عێراق و ڕژێمی بەعسەوە، بەهۆی زیاتر فروانبوونەوەی کارو چالاکی ڕێکخراوە چەپەکان لەو سەردەمەدا، دیارە ڕژێم لەڕێگەی بەکرێگیراوەکانیەوە هەستی بەجموجۆڵی ڕێکخراوەکان کردوە و پێشتر کەسی دزە پێکردبووە ناومانەوە هەتا زۆرترین کەس بناسن و زانیاری وەرگرن لەسەر ڕابەری و هەڵسوڕاوانی ئەم بزوتنەوە سیاسیە تازەیە و ئامانج و بەرنامەیان. دیارە لەوکاتەدا بەو ئەنجامە گەیشبوون کە هێرش بکەنە سەرمان و ئەگەر شکستیشمان پێ نەهێنن ئەوە گورزێکی کاریگەرمان لێبدەن، کە لەواقیعدا ئەو هێرشەی بەعس بۆسەر ڕێکخراوەکان کاریگەری هەبوو، بەڵام نەیتوانی بیوەستێنێ یان کۆتایی پێ بهێنێت. سەبارەت بەوەی زیاتر لە ٥٠ کەس لەهەموو ڕێکخراو و حەلەقاتەکانی دەستگیرکردبوو، و چەندین کەسی تریش مەترسی گرتنیان لەسەر بوو. ئەو ڕێکخراوانەی کەلەوسەردەمەدا هەڵسوڕاوەکانیان دەستگیر کرابوون ئەمانەبوون (ڕەوتی کۆمۆنیست، دەستەی پێشڕەوانی پڕۆلیتاریا و پرۆلیتاریای کۆمۆنیست) پێش ئەوەی ئێمە دەستگیر بکرێین، کۆمەڵێکی زۆر لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران گیرابوون کە دوو وەجبە بوون، ئەوانەی ڕێکخستنەکان بە جەماعەتی جەباری حاجی ڕەشی ناسرابوون، چەند کەسێکی تریش پێشمەرگەبوون لەکاتی خۆ حەشاردانیان لەناوشار دەستگیرکرابوون لەگەڵ چەند کەسێکی ئاڵای شۆڕش و یەک نەفەری پاسۆک لەگەڵ یەک دوو کەسی بەتۆمەتی پارتی. بەڵام دواتر بەهۆی فشاری هەموو ڕۆژەی ئەمریکاو ڕۆژئاوا و بێزاری هەموو ڕۆژەی خەڵکی عێراق وکوردستان وهەڵاتنی دەیان کەس لە ریزەکانی سوپای عێراق، بەئاستێک گەیشبوو کەخەڵک ناچارببن سنورەکان ببەزێنن بەرەو ئێران و ئەو ناوچانەی کە ڕژێم ناوی نابوون (مناطق المحرمە) واتە ناوچە قەدەغەکراوەکان برۆن. خەڵکێکی زۆر دەستگیر دەکران و دەیانهێنان بۆ ئەمنەسورەکە بۆلای ئێمە، ئەمەش وای کردبوو کە پەستانێکی زۆر لەسەر زیندانیەکان وشوێنی ژیان وخەوتن وخواردنیان دروست ببێت، بینای ئەمنە سورەکە، بەڕێوەبەرایەتی ئەمنە سورەکەی لێ بوو بەهۆی ئەوەی بینایەکی زۆر گەورەبوو وە لە چەند نهۆمێک پێکهاتبوو ڕەنگە بۆ زیندانیش بەکار هاتبێت، بەڵام ئەوکاتەی ئێمە دەستگیر کراین زیندانەکە لەبینای ئەمنە سورەکە جیابوو کەوتبویە نێوان ئەمنە سورەکە و حامیەی سولەیمانی، زیندانەکەش دوو نهۆم بوو نهۆمی یەکەم دوو هۆڵی گەورەی کە بەموحاجەرەی ئاسن نێوانی بۆ کرابوو لەگەڵ چەند ژوورێکی تاکە کەسی و نهۆمی سەرەوەش دوو هۆڵی بەکۆمەڵ لەگەڵ ژورێکی دوو سێ نەفەری کە پەنجەرەیەکی تێدابوو بۆسەر یەکێک لەهۆڵەکان. بەشێکی تریشی تێدابوو کە چەند ژورێکی تاکە کەسی بوو. لەدەرەوەی ئەم بینایە هۆڵێکی مامناوەندی تێدابوو کە بۆ زیندانیکردنی ژنان بەکاریان دەهێناو لەوبەر زیندانەکانیشەوە جێگای پاسەوانەکان و دوو سێ ژووری ئەشکەنجەدان ولێکۆڵینەوە و ئەرشیفی دیکۆمێنتی لێکۆڵینەوە و بەڵگەو کەلوپەلی گیراوەکانی تیدابوو. ژووری ئەشکەنجە مێزی لێکۆڵەرەوەکە لەبەرامبەریدا بۆریەکی گەورەیان لەناودیوارەکەدا و بەبنی سەقفەکەوە دانرابوو، کۆمەڵێک قولاپی پێوە بوو بۆ هەڵواسین، و مێزێکی گەورە لە ژێریدا لەگەڵ دوو تەپڵەکی بچوک بۆ ئەوەی زیندانیەکان لەکاتی هەڵواسیندا بچنە سەری و دەستەکانیان لەدواوە کەلەپچە دەکراو قایشێکی کورتیان دەکردە نێوان زنجیرە کەلەپچەکە وەک بازنەیەک دەیانکرد بە قولاپەکەدا و کورسیەکەیان لەژێر قاچی زیندانیەکە دەرئەکێشایە دەرەوە، ئیتر هەموو قورسایی لەشی زیندانیەکە دەکەوتە سەر شانەکانی

# پاشماوەی .. دیمانە لەگەڵ کاوە عومەر

وکەلەبچەکانیش بەهۆی ئەوقورسایەوە فشاری زیاتریان دەخستە سەر ئێسکی دەستی زیندانیەکە، و زۆربەی زیندانیەکان جگە لەو ئازارەی کەبە ئێسکەکانی دەستیان دەگەیشت، شانەکانیشیان دەرئەچوو. پاشان ئەگەر زیندانیەکە هەر قسەی نەکردایە ئیتر تەزوی کارەبایان لێ ئەدا و ئەوکارەش جگە لەئازاری تەزوکە عارەقێکی زۆر بەزیندانە ئەشکەنجەدراوەکە دەکرد و زۆربەی کات زیندانەکان لەهۆش خۆیان دەچوون. دیوارەکانی ژووری ئەشکەنجە هەموو بە مەعاکس داپۆشرابوو کە دەیانوت دیوارەکان دفنکراون بۆ ئەوەی دەنگ وهاواری زیندانیەکان نەچێتە دەرەوە لەکاتی ئەشکەنجەداندا. لێکۆڵەرەوەکانی بەعس تەنها زمانی ئەشکەنجەیان دەزانی و یەک قسەشیان دەکرد ئەویش زوو زوو لەکاتی ئەشکەنجەداندا دەیانوت قسەبکە (احچی)، وە ئەگەر شتێکیان لەسەرت بزانیایە هەر ئەوەیان دوبارە دەکردوە و ئەشکەنجەیان ئەدای هەتا بەقسەت بهێنن. ئەڵبەتە ئەو ئەشکەنجەو ئازارە و ڕاوەستاوی لەبەرامبەریدا کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵام بەپێی ئەزمونی ئەوانەی کەبەر لە ئێمە گیرابوون ئەوەیە کە هەتا دان بەشتەکاندا نەنێیت وئینکاری لەسەر بکەیت وەیا ناوی هاوڕێیان ودۆستانت بپارێزیت شانسی دەربازبوون و ڕزگاربونت زۆرترە، ئەگەرچی بەرگەگرتنی ئەشەکەنجەدانەکان زۆر سەختەو زۆرکەس لەژێر ئەشکەنجەدا گیانی لەدەستداوە بەڵام سەرئەنجام زمانی خۆت چارەنوست دیاری دەکات نەک گومان و بەڵگەکانی ئەوان. چونکە هەتا شت بڵێیت و ناوی کەسی تر بڵێیت بۆ ئەوەی ئازارەکانت کەمببنەوە، بەڵام سەرئەنجام ئەو قسانەی کەکردوتن و ئەو کەسانەی کەناوت داون هەموو دەبنە بەڵگە بۆ مەحکومکردن و لێسەندنەوەی مافی ژیان لێت. ئەڵبەت جگە لە ئەشکەنجەدان ڕێگایەکی تریان هەبوو بۆئەوەی کە بەقسەت بهێنن ئەویش ئەوەبوو لەناو زیندانیەکاندا کەسانێکی بێئیرادەو ورە ڕووخاویان بەکاردەهێنا وەک سیخوڕ بۆئەوەی زیندانیەکە بەقسە بهینن، بەتایبەت لە ژووره تاکە کەسیەکاندا کە زیندانی تازە زۆر زوو و ئاسانتر باوەڕی بەسیخوڕەکە دەکرد بۆ ئەوەی قسەی دڵی لابکات، چونکە ئەویش وەک خۆی زیندان بوو، بەڵام ئەگەر زیندانیە تازەکە شانسی هەبوایە و زووتر زیندانیەکانی تری ببینیایە، ئەوە هەم لەو کارەی سیخوڕەکان ئاگاداریان دەکردەوە، وەهەم ڕێگای بەرگریکردنیان پیشان ئەدا. ئێمە وەک کۆمۆنیستەکان کۆمەڵێک کارو سونەتی ئینسانیمان جێ خستبوو کە مایەی سەرنجی بەندکراوەکانی تریشبوون، کە بەهۆکاری سیاسی وئەمنی جیاواز دەسگیر کرابوون، لەوانە کۆمەککردنی زیندانە تازەگیراوەکان چ لە ڕوی جەستەییەوە شێلان و یارمەتیدانیان لەدوای ئەشکەنجە، وە چ لەڕووی دەرونیەوە کۆمەکمان دەکردن کە خۆڕاگربن و زیان بەخۆیان و کەسانی تریش نەگەیەنن. دروستکردنی جەوێکی هاوڕێیانە و ڕۆشنبیری وگفتوگۆکردنی بەردەوام لەسەر مەسائیلی ئەدەبی وسیاسی وگێڕانەوەی نوکتە و بەسەرهاتی خۆش بۆ تێپەڕاندنی کاتەکان. ئێمە لەوماوەیدا کە لەزیندان بووین چەندین داواکاریمان بەسەر بەڕێوەبەرایەتی زینداندا فەرزکرد وەک هێنانی ڕۆژنامەکانی بەعس بۆ ئاگاداربوون لەوەی کەلەدەرەوە چی دەگوزەرێت، جارێکیان موقەدەم خەڵەف بەڕێوەبەری ئەمنە سورەکە سەردانی زیندانیەکانی کرد ئێمەش داوای ڕۆژنامەکانمان کرد، هەرچەندە سەرەتا توڕەبوو، ئەیوت ئێوە نازانن لەکوێن؟ وتمان دەزانین لە کوێین، بەڵام مافی خۆمانە کە ڕۆژنامەکانی دەوڵەت بخوێنینەوە بزانین هەواڵ چیە؟ ڕاستە زیندانین بەڵام هاوڵاتین، ئەوەبوو ڕازیبوو کە ڕۆژنامەی سەورە و جمهورمان بۆ بهێنن. پاشان ڕۆژی ١٩٩١\١٢\١٧لەسەر خواردن مانگرتنمان ڕاگەیاند کە ئەوکات لەبەر مەترسی لێدانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکان زووربەمانیان لە هۆڵەکەی خوارەوە کۆکردبویەوە، ئێمە نزیکەی٦٦کەس لەو هۆڵەدابوین خواردنەکە کە خۆی نیسکاو بوو لە نێو سەتڵی ماستەکاندا هێنابویان کە بەشی١٥کەسیشی نەدەکرد، ئێمەش هەموو بەکۆی دەنگ بڕیارماندا کە نەیخۆین هەتا بەڕێوەبەری زیندان یان بەڕێوەبەری گشتی نەیەتە ناو زیندان قسەی لەگەڵ بکەین، سەرۆکی پاسەوانەکان هەرچەندە سەرەتا ملی نەداو ئەیویست بمانترسێنێت، بەڵام ئێمە هەر سووربووین لەسەر نەخواردنی ئەو ژەمە هەتا داواکەمان جێبەجێ نەکەن، ئەوەبوو لەماوەیەکی کورتدا بەڕێوەبەری زیندان بەخۆیی وکۆمەڵێک پاسەوانەوە هاتە ژورەوە خۆی توڕە کرد، سەرەتا ئەیوت ئێوە دەزانن ئێستا داوای چیدەکەن؟ لەکاتێکدا سەربازە عێراقیەکان لەکوێت نان نییە بیخۆن ئێوەش لێرە لەسەر دژایەتی دەوڵەت و شۆڕش گیراون کەچی داوای خواردن دەکەن، ئێمەش وتمان سەبازەکان ئازادن ودەتوانن هەرچۆن بێت شتێک بۆ خۆیان پەیدا بکەن کە بیخۆن، بەڵام ئێمە تەنها چاوەڕوانی ئێوەین لەکاتێکدا خواردنەکە بەڵێندەر ئەیهێنێت ڕێگەمان پێبدەن لەگەڵ ئەوان قسە بکەین یان ڕێگەمان پێبدەن کە کەسوکارەکانمان سەردانمان بکەن. بەکورتی سەرئەنجام دوای



مشتومڕێکی زۆر داواکاریەکانیان جێبەجێ کردین، هەم ڕێژەی خواردنەکەیان زیاد کرد وەهەم ڕایانگەیاند کە کەسوکارمان سەردانمان بکەن، کە ئەوەش کارێک بوو پێشتر لە زیندانەکانی بەعس ڕوی نەدابوو بەوشێوە بەکۆمەڵ زیندانەکان مانبگرن! هەڵەیەکی گەورەی زۆرێک لە هاوڕێیانی دەستگیرکراومان ئەوەبوو، کە یان لەماڵی کەسە نزیکەکانیاندا خۆیان پەنادابوو وەیان خوشک و براو دایک و باوکی شوێنی خۆشاردنەوەکەیان دەزانی، کە زۆرێک لەوانەش لەژێر فشارو تۆقاندنی حزبی بەعسدا شوێنەکانیان ئاشکرا دەکرد. کە ئینسان بەو ئاکامە دەگات کە دروست وابوو کە کەسی گومانلێکراو شوێنی خۆی بەنزیکەکانی نەڵێت و ئەو هەرکاتێک ویستی خۆی ئەوان ببینێت هەوڵبدات بیان بینێت لە جێگایەک کە ئەو جێگایە نەبێت کە لێی دەمینێتەوە، بۆئەوەی کەس نەزانێت لە کوێیە. بەهەر حاڵ بارودۆخی ژوورەکانی بەو جۆرەبوو کە هۆڵەکانی سەرەوە کە یەکی نزیکەی ١٥تا ٢٠ نەفەریان بەبەردەوامی تیدابوو، ژوورە تاکە کەسیەکانیش هەمووی نەفەری تیدابوو. زۆربەی کات لەدەرەوەی ژوورەکانیش شیشی سەرقادرمە و ڕاڕەوی هاتوچۆکاندا خەڵکیان دەبەستەوە، وهۆڵ و ژوورەکانی خوارەوەش بە بەردەام پڕبوون لە زیندانی. هەر سێ هۆڵەکە یەکی کەسێک سەرپەرشتی دەکردن ئەو کاتەی من لەوێ بووم هۆڵەکەی ئێمە لە قاتی سەرەوە حسینی مەساع کە ئەوکات مستەشاربوو دەستگیرکرابوو بەتۆمەتی یارمەتیدانی پێشمەرگەوە ئەگەر بەهەڵەنەچوبم، هۆڵەکەی خوارەوەش کەسێک بوو بەناوی شێخ محەمەد، ئەو هۆڵەی کە بیرم نەماوە کەسێکیش کە پێشمەرگەی یەکێتی بوو دەستگیرکرابوو خواردنی بەسەر زیندانەکاندا دابەش دەکرد، کە دواتر بران بۆ دادگای شۆڕش (محکمە ثورة).

لەناوەڕاستی مانگی دووەوە ئێمە بەهۆی دەستگیکردنی بەردەوامی هاوڕێیانی خۆمان و لەلایەکی تریشەوە کەسانی تر وبەتایبەت کۆمەڵێک پێشمەرگە و لایەنگرو ڕێکخستنی یەکێتی کە نامەیان بۆ مستەشارو پیاوەکانی بەعس هێنابوو بۆ ئامادەکاری ڕاپەڕین دەستگیرکرابوون، دەمانزانی کە ڕاپەڕین وگۆڕانکاری بەڕێوەیە وهاوڕێیانی خۆمان کە دەستگیر کرابوون باسی ئامادەکاریەکانیان بۆ ڕاپەڕین ونووسین وبڵاوکردنەوەی بەیاننامە و ئامادەکاری بۆ پێکهێنانی شوراکانیان پێگەیاندین. مەبەستم ئەوەیە کە هەر زوو ئێمە ئاگاداری ئەو ڕووداوانە ئەبوین، بەڵام نەمان دەزانی چارەنوسی ئێمە چی بەسەردێ، ئەوەبوو کە لە ١٩٩١\٣\١٧ڕاپەڕین لە سولەیمانی دەستی پێکرد، بەڵام لە شەودا دەنگی تەقەو شت نەما و کارەبای ناو زیندان ماوەیەک کوژایەوە، بەڕاستی بارودۆخێکی مەترسیدارو پڕ دڵە ڕاوکێی بۆ دروست کردبوین، نەماندەزانی خەمی خێزان وهاوڕێ وکەسەکانمان بخۆین لەدەرەوە یان خەمی چارەنوسی نادیاری خۆمان. هەندێک لەناوخۆمان قسەمان کردو و بڕیارماندا کە ڕێگری لە کوشتاری خۆمان بکەین وهەوڵبدەین بەرگری بکەین، ئەوەبوو لە بەیانی ٣\١٨جارێکی تر ڕاپەڕین دەستی پێکردەوە وهەتا دەهات دەنگی تەقە و خۆپیشاندانەکان نزیک دەبونەوە، ئێمە لە پەنجەرەی ساحیبەی ناو تەوالیتەکانمانەوە سەیری دەرەوەمان دەکرد، نزیکی کاتژمێر١٠بۆ یانزەی بەیانی بووکە پاسەوانەکان زۆر شپرزەییان پێوە دیاربوو هاتنە سەرەوە و کەسێکی بەندکراوی ئیسلامی کە بە تۆمەتی کوشتنی فایەقی مۆتە کە بەختگرەوەیەک بوو لەسلێمانی دەسگیر کرابوو بردە خوارەوە ونەهاتەوە. دەوروبەری کاتژمێری ١٢نیوەڕۆ تەقەکردن زۆر لە بینای ئەمنە سورەکە و زیندان و دەوربەری نزیک بویەوە، بەشێوەیەک کە شتێک دیواری ژورەکەی ئێمەی کونکرد بەشێوەیەک کەناو ژورەکەمان پڕبوو لە تۆزو خۆڵ، ڕێک لە ژێر جێگەی ئەو شتەی کە لەژورەکەیدا من پێم وابوو ئاڕبیجی بوبێت لەوکاتەدا سێ چوارکەس لە هاوڕێکانمان پشتیان دابوو بەدیوارەکەوە ئەوەندەی بیرم بێت یەکێکیان هادی عەبدوڵا بوو یەکیان کاژاو بوو ئەویتر یوسف عیزەدینی نووسەر بوو، یەکێکیان پێموابێت ئەبوبەکری دارتاشبوو.

سەرئەنجام پاشنوەڕۆ خەڵکی ڕاپەڕیو توانیان دەست بەسەر زیندانی ئەمنە سورەکەدا بگرن و ئێمەش ئازاد بکرێین، کە ژمارەمان ١١٨کەس دەبوو وە تەنها ئەو محەمەدە ئیسلامیەیان لەناو حەوشی ئەمنە سورەکەدا کوشبوو.

لەکۆتاییدا سەری ڕێزم دائەنەوێنم بۆ سەرجەم گیانبەختکردوانی ڕاپەڕین و ڕێگای ئازادی بەتایبەت گیانبەختکردوانی دەست بەسەراگرتن و تێکشکاندنی ئەمنە سورەکە کە باستێلی حزبی بەعس بوو .

**کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!**

بۆپێشەوە FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ روبەروبونەوەی فکر و راگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو رەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...بڵندگۆی بانگەوازی هاوچینەکانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی، وە دەنگ و مینبەری راستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێک کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەکرێت... لەیەک وشەدا، بۆ پێشەوە، سەکۆیەک و مینبەرێکە لە بەرەی شۆرشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردا، بۆ ژێروژورکردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی... بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و رێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سیبەریان، دەیانەوێ بەلاڕی، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو راستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە رێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەوڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی رۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنیەکان... بە ئێمە بگەیەنن...

# پاشماوەی .. دیمانە لەگەڵ جەمال موحسن

لەلایەکی تریشەوە ئەڵتەرناتیڤێک کە پشت بە ئیرادە و دەسەڵاتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش ببەستێ دەرنەکەوتووە. ناڕەزایەتیەکانی دوو سێ ساڵ لەمەوبەر و ئەم دواییانە دیسان بە ئاشکرا ڕاگەیاندنی ئەو پەیام و حوکمەی خەڵک بوو لەبەرامبەر دەسەڵاتی کوردایەتیدا کە ئیتر ئەوانیان ناوێت. بەڵام ئەبێ چەند بارە بکرێتەوە کە جەماوەی کرێکار و زەحمەتکێش ناڕەزایەتی و تووڕەییەکانی لە شێوەیەکی ڕێکخراودا کۆنەکردۆتەوە. واتە هێشتا جەماوەر دەستی بۆ خۆڕێکخستن نەبردووە. هەر ئەمەش وایکردووە کە تا کاتێک ڕێکخراو نەبێ و بەدیلێکی تر خۆی نەنواندبێ، هێشتا لایەنەکانی بۆرژوازی بتوانن ئاسۆی خۆیان زاڵ بکەن و تەنانەت یاریش بە ناڕەزایەتی و نەفرەتی خەڵک لە دەسەڵات بکەن. هەرچی تووڕەیی خەڵکە لە خشتەی ببەن و بیبەن بە ئاڕاستەی سیاسەت و مەرامی خۆیاندا.

دوای ئەوەی دەسەڵات و پێکهێنەرەکانی و تەنانەت ئەوانەی کە ناوی درۆینەی ئۆپۆزسیۆنیشیان لە خۆیان ناوە لای خەڵک ڕسوا بوون و هیچ متمانەیەکیان پێیان نییە، کەچی هەر ئەمان ئەتوانن یاری بە چارەنوسی خەڵک بکەن. ئەوەتا ئێستاش بۆ دەرچوون لە شکست و ڕسواییەک کە تێیکەوتوون کەوتونەتە بانگەشەی جەماوەر بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی بە ناو هەڵبژاردنەکانی عێراقدا. ئەحزاب و لایەن و بزووتنەوەیەک کە ٢٧ ساڵە ژیانی خەڵک ئەهاڕێ، هیچ ڕێزێکیشی بۆ دەنگی جەماوەر دانەناوە و نەک چاوپۆشی لەوە ئەکات کە عەبادی و حکومەتەکەی هێرشی سەربازییان کردە سەر خەڵکی کوردستان بگرە ئەیەوێ بە ناوی هەڵبژاردنەوە خەڵک بکاتەوە بە باوەشی بەغدادا، نەک هەر ئەبێ قسەکانی بشکێندرێ و تەرحەکانی بخرێتە زبڵدانەوە، بگرە خۆشی ئەبێ بە تەواوەتی وەلابندرێ. لەم پێناوەدا کە جەماوەر بتوانێ ئەو حوکمەی خۆی لە دژی دەسەڵاتی کوردایەتی بە ڕاستی دەربهێنێ ئەبێ خۆی لە ئاسۆ و ئایدۆلۆژیەکەی داببڕێ. کوردایەتی بزووتنەوەی خێر و بێر و بارانی دۆلارە بەسەر سەرمایەداران و حزبە ڕەنگاوڕەنگەکانیاندا و گەردەلولی خۆڵیشە کە لەلایەک چاوی جەماوەری کوێرکردووە و لەلایەکی تریشەوە تەخت و تاراجی ژیانیانی تێکداوە. جەماوەر گەر بیەوێ ماڵی خۆی لەوان جیابکاتەوە ئەبێ کونی ئەو گەردەلولە بگرێ. واتە فەرهەنگ و ئایدۆلۆژیا و ئاسۆ و سیاسەتی کوردایەتی لە گۆڕبنێ. ئەمەش ئەبێ لە پرۆسەی خۆڕێکخستنێکدا بێ کە خۆی بۆ گرتنەدەستی دەسەڵاتی جەماوەری ئامادە بکات، ئەمەش لەڕێی شوراکانیەوە دێتەدی. جەماوەر پێویستی بەوە نییە چەند ساڵی تر لە تەمەنی نەوەکانی لە تاقیکردنەوەی ئەم لیست و ئەو لیستی بە ناوی چاکسازی و دادپەروەری، کە جگە لە قسەی بێناوەڕۆک هیچی تر نییە، بەسەر بەرێت. بە هەموو پێوانەیەک نۆرەی تاقیکردنەوەی دەسەڵاتی جەماوری ڕێکخراوە لە شوراکانی خۆیدا. ئەمەش پرۆسەیەکە و ئەبێ هەرچی زووە دەست پێ بکرێ.

بۆپێشەوە: لەدڵی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان، چەپ و کۆمۆنیستەکان هاتنە مەیدان بەکردەوە، و بزوتنەوەی شوراییان وەرێخست، ئەمە چۆن بوو؟


جەمال موحسین: لە ڕاستیدا هاتنە مەیدانی کۆمۆنیستەکان و چەپەکان لە کاتی هەستانی جەماوەریەوە دەستی پێنەکرد، بگرە زۆر لەوە لە پێشترەوە بوو. ئەو کات ڕێکخراوە کۆمۆنیستیەکان هەبووین و چالاکیمان لە دژی بەعس بە شێوەیەکی نهێنی ئەکرد. سەروبەندی جەنگی کەنداو ناڕەزایەتی خەڵک لە دژی ڕژێم بە شێوازی جۆراوجۆر هەبوو، لە هەڵهاتن لە بەرەکانی جەنگەوە بگرە هەتا دروستکردنی گروپ و دەستەی سیاسی و ئەڵقە کرێکاریەکان و دروشم نووسین لەسەر دیواری ماڵان و شوێنە گشتیەکان لە دژی ئەو ڕژێمە و... هتد. ئەوە بوو ماوەیەک پێش هەستان ئێمەش ”کۆمیتەکانی ڕاپەڕین“ مان دروست کرد. ئەم کۆمیتانە لە گەڕەکەکانەوە دەستیان کرد بە خۆئامادەکردن و ئامادەکردنی جەماوەر بۆ ڕاپەڕین لە دژی ڕژێم و ڕاماڵینی لە شارەکان.


ئیتر هەر لەگەڵ دەستپێکردنی ڕاپەڕین و وەدەرنانی هێزەکانی ڕژێی بەعس، هەڵسوڕاوە کرێکاریەکان و کۆمۆنیست و چەپەکان دەستمان کرد بە دروستکردنی شوراکان لە کارگەکان و گەڕەکەکاندا. شوراکان بوون لە کارگەکان هەوڵیاندا کۆنترۆڵی کرێکاران بەسەر کەلوپەلی کارگە و ئیدارەدا زامن بکەن. شوراکان بوون لە گەڕەکەکاندا بنکەیان دانا لە پێناو بەڕێوەبردنی کاروباری گەڕەک. لەو کاتەدا کە ئاوارەی ناوچەکانی ژێر دەستی ڕژێم هەڵهاتبوون لە شوراکانەوە جێگای مانەوە و جلوبەرگ و خۆراک و دەرمانیان بۆ دابین ئەکرا. شوراکان خۆیان چەکدار کرد و مەفرەزەکانیان بۆ دژوەستانەوەی هێزەکانی ڕژێم کە لەهەوڵی گەڕانەوەدا بوون بۆ شارەکان. بە کورتی شوراکان لە بنەوە ڕێکخستنی کۆمەڵگە بوو، لێدانی خەندەق و مەحکەمکردنی بوو لە دژی بۆرژوازی کە لە ڕژێمی بەعس و بەرەی ناسیۆنالیزمی کورددا خۆی ئەنواند، هەوڵی پیادەکردنی دەسەڵاتی ڕاستەقینەی جەماوەری بوو. شوراکان بوژاندنەوەی ئومێد و هیوای بە هێز و ئیرادەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش بوو بۆ بەڕێوەبردنی خۆی و کۆمەڵگە.

بۆپێشەوە: ئەوانەی مێژوو دەگێرنەوەو دەنووسن، بە دەگمەنیش باسی بزوتنەوەی شورایی ناکەن، هۆکاری ئەمە چییە؟

جەمال موحسین: هۆکارەکەی چینایەتیە. ئێوە دیوتانە منالانی دەوڵەمەند و سەرمایەداران خەو بە لەتە نانەوە ببینن؟ بۆ قاتێک جل و جووتێک پێڵاو بگرین؟ ناچار بن دەستفرۆشی بکەن و ببنە شاگرد تا ئەرکی سەرشانی خێزانەکەیان سووک بکەن؟ ئەوانەی یەکەم ناتوانن مێژووی ئەمانەی دووەم بنووسنەوە! شوراکان ئامرازی هاتنەمەیدانی جەماوەر بوون، ئامرازی بەگەڕخستنی ئیرادەی جەماوەر بوون. کرێکاران و جەماوەری بێبەش لە شوراکاندا هەستیان بە غرور ئەکرد. هەستیان ئەکرد خاوەنی دەسەڵات و بڕیاری خۆیانن نەک شتێک بەسەریاندا بسەپێندرێ. کرێکاران پێشتر لەلایەن بەڕێوەبەرە بەعسیەکان و جاسوسیەکانیەوە ئەچەوسێندرانەوە و لەژێر چاودێریدا بوون. سەرمایەداران پشتیان بەو ڕژێمەوە دابوو تا بەرژەوەندیەکانیان بپارێزێت و کرێکاران بێدەنگ و سەرکوت بکات و لە کرێی کەم و ژیانی نزمدا ڕایانبگرێ. بزووتنەوەی شورایی هەر زوو دوای وەدەرنانی ڕژێمی بەعس کرێکارانی بەشێکی زۆر لە کارگە حکومی و ئەهلیەکان و جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی گەڕەکەکانی یەکگرتوو کرد و ڕێکخست و چەکداری کردن. ئەوانەی لە پاڵ هەستانی جەماوەریدا خۆیان حەشاردابوو و دۆخەکەیان قۆستەوە و چەکی شاخیان کرد بە پاڵپشتی بەرە و دەسەڵاتیان و چونکە ئەیانویست بگەنە دەسەڵات و سەروەت و سامانی کۆمەڵگە بۆ خۆیان ببەن، یەکسەر خۆیان لەبەرامبەر شوراکاندا بینیەوە. بۆیان قبوڵ و تەحەمول نەئەکرا جەماوەر خاوەنی ئیرادەی خۆی بێ. لەپاڵ فەتوای سەرانی بزووتنەوەی کوردایەتی بۆ سەرکوتی چەکدارانەی شوراکاندا، هەندێک کۆلکە ڕۆشنبیر و نووسەریان هاندا قەڵەمەکانیان لە دژی بزووتنەوەی شورایی و جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی بە ئیرادە بخەنەگەڕ.

بۆیە گەر ئەوان شتێکیان نووسیبێ ئەبێ بۆ وەسف و سەنای بۆرژوازی و بزووتنەوەی کوردایەتی بووبێ. ئیتر بێگومان هەر شتێکیش لە دژی ئەو دەسەڵاتە بووبێ کە تازە چەکەرەی ئەکرد نایخەنە مێژوویەکی واقعیەوە کە لە کوردستاندا هەبووە. بەڵام بە بڕوای من ئەوەی ئەوان ئەیڵێن و ئەینووسن مێژووی واقعی کوردستان نییە. مارکس وتەنی مێژووی تۆمارکراوی کۆمەڵگە مێژووی ململانێ و خەباتی چینایەتیە. هەر لەو کاتانەوە کە ناسیۆنالیزمی کورد بە پاڵپشتی دەوڵەتانی ئیمپریالی غەرب دەسەڵات کەوتە کۆشیەوە، کەوتنە بەرامبەر جەماوەر و لەڕاستیدا بەشێک لە جەماوەریش کەوتنە بەرامبەر ئەوانەوە. ئەوان دامودەزگا و بەرپرسە ئیداریە بەعسیەکانیان پاراست و یاسا و ڕێساکانی ئەوانیان گرت بەدەستەوە و جەماوەریش لە بزووتنەوەی شوراییدا خۆی بەرامبەریان ڕێکخست، بەڵام سەرکوت کرا. من لام وایە مێژووی واقعی کوردستان بە تەواوەتی نەنووسراوەتەوە. ئەوەی قەڵەمبەدەستانی ئەو بزووتنەوە بۆرژوازیە نووسیبێتیان یان وتبێتیان چیرۆکێکە پاڵەوانەکەی خۆیانن و ڕەقیبەکەشی دیار نییە. ئەوە کارێکە ئەبێ و ئەبوایە چەپ و کۆمۆنیستەکان بیانکردایە. ئێمە لەم ڕووەوە کەمتەرخەمین هەرچەندە هەندێک هەوڵمانداوە و لەسەری نووسراوە. ئەبێ ئەمانە زیاتر بکەین و بیخەینە بەردەم نەوەی ئێستاش. بۆرژوازی و قەڵەمبەدەستانی ئەیانەوێ مێژووی واقعی کوردستان بە درۆ و جۆرێکی تر نیشانی نەوەی ئێستا بدەن. ئەوان ئەیانەوێ ڕوویەکی تری کۆمەڵگا نیشان نەدەن کە هەر لە ٩١ ەوە خەباتی کرێکاران و جەماوەری بێبەش بە ئاشکرا بەرامبەریان دەستی پێکرد، لەبەر چی؟ لەبەر ئەوەی مێژوو و بوونی ئەو خەباتە کە ئێستاش لە شێوازێکی تردا خۆی نیشان ئەدات، گەرچی پەرشوبڵاو و بێ ئاسۆیە، ”مەترسیە“. مەترسیە بۆ سەر دەسەڵاتی ئەوان کە لە پێناو بەرژەوەندی چینایەتی سەرمایەدار و داراکاندایە. تەنانەت لە کوردستاندا مێژوونووسی واقعی و ڕاستگۆ و بە ویژدان لە ئێستادا بوونی نییە، دەنا لە هەر گێڕانەوەیەکی ڕووداوەکانی هەستانی جەماوەری و ڕۆژانی دواتردا ناتوانێ شوراکان و بزووتنەوەکەی نادیدە بگرێ. ئەم جۆرە لە گێڕانەوە لە خەسڵەتی بۆرژوازیدایە. ببینە زۆر جار هۆکاری شەڕی ناوخۆی نێوان هێزە جیاجیاکانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد و ئیسلامیەکان چۆن باسکراوە. گوایە لەسەر ڕێک نەکەوتن و پرتەوبۆڵەی کەسانێک یان شتێکی پوچ ڕوویداوە، نەک شەڕ لەسەر دەسەڵات و هەوڵی بردنی سەروەتی کۆمەڵگە. ئەم خەسڵەتە هەر تەنها بە کوردستانەوە قەتیس نابێ. سەدان هەزار، گەر نەڵێم ملیۆنەها، کتێب نووسراون لەسەر شەڕە جیهانیەکانی یەکەم و دووەم کە هیچ پەیوەندیەکیان بە هۆکاری واقعی سەرهەڵدانی ئەو شەڕانەوە نییە. ئیتر گەر ئەوانە بە تۆمارکردنی مێژوو بە حساب بکرێن، ئەبێ ئەو شتانەی لە کوردستانیش نووسراون باسی شوراکان ئەشارنەوە بە هەمان چاوەوە تەماشا بکەین.





سامان کەریم
یەکێک لە رابەران و
هەڵسوڕاوانی سیاسی و
بزووتنەوەی شورایی سلێمانی.

# „ گرینگترین خاڵی بەهێزی شوراکان، نمایشی جۆرێک بوو لە دەسەڵات لە خوارەوە لە ئاستێکی سەرەتایدا "

**بۆپێشەوە** : لە دڵی راپەرینی خەڵکی کوردستان، کۆمۆنیست و چەپەکان هاتنە مەیدان و بزوتنەوەی شوراییان ڕێکخست. لەمبارەوە چۆنیەتی سەرهەڵدانی و دەرکەوتنی ئەم ڕوداوانەمان زیاتر بۆ ڕۆشن بکەرەوە؟!

**سامان کەریم**: شورا یان شوراکان بە گشتی بزووتنەوەی شورایی لە گوڵەباخێک دەچوو لە کوردستان کە لە پایزدا خونچە بکات و بپشکوێت. ئەوەش هۆی سەرەکی کەمی مانەوەی بوو، بەجیا لە هەموو هۆکارە گەورەکانی دیکە. گوڵ لە کوردستان لە بەهاردا خونچە دەکات و پاش ماوەیەکی کورت دەپشکوێت و دەکرێتەوە، نەک لە پایزدا. بەهار وەرزو کەشی دەرکەوتن وخۆدەرخستنی گوڵ و چیمەن و سەوزایی و زەنویرە. لە پایزدا ئەگەر گوڵ خونچە بکات لە کوردستان دەبێت لە ژورەوە زەمینەی بۆ ئامادە بکەیت و کە هێناتە دەرەوە لە ماوەیەکی کورتدا دەمرێت.

بزوتنەوەی شورایی؛ لە کوردستان لە کەشوهەوایەکی وەک ئەو گریمانەی سەرەوەدا سەریهەڵدا. بزوتنەوەی شورایی وەک فەرهەنگی سیاسی و ڕێکخستنی کرێکاری و جەماوەری و فەرهەنگی خەباتکارانە لە باری مێژووییەوە بە کۆمۆنیستەکان دەناسرێتەوە. بزوتنەوەی شورایی لە هەلومەرجێکی سیاسی جیهانی و ناوچەیی دا سەریهەڵدا، کە لەڕاستیدا ئەو هەلومەرجە، هیچ بۆن و ئاراستەیەکی رادیکاڵ و شۆڕشگێرانەو پێشکەوتنخوازی تیدا نەبوو. هەلومەرجێک کە ئەمریکا هەنگاوی یەکەمی لە عێراقەوە دەست پێدەکات بۆ " نیزامی نوێی جیهانی" کە ئێستا پاش نزیک بە ٣٠ ساڵ ڕۆشنە کە فەشەلی هێناوە. لە هەلومەرجێکی ئاواهادا ولە زەمینەی خەبات و رق وکینەی هێجگار توندی دژی رژێمی لە کوردستان دا، شوراکان سەریان هەڵدا.

بە جیا لەوە، ناسیونالیزمی کورد گوژمی گرتبوو، هەموو ئومێدو ئامانجی خۆی بەستبووەوە بە ئەمریکاوە. ئەم بزوتنەوەیە بەدەوری خۆی رۆڵی خۆی بینی لە هاندانی خەڵک و پێکهێنانی شانەو مەفرەزە چەکدارەکان و هاندانی خەڵکدا لە چوارچێوەی سیاسی جیهانی و ناوخۆی دا کە ئاماژەمان پێکرد. لە کەشوهەوایەکی ئاوادا، کۆمۆنیست و چەپەکان کۆمیتە شۆڕشگێڕەکانیان پێکهێنا و لەسایەی هێزێکی نارێکخراوی لە رادەبەدەر فراوانی کۆمۆنیست و چەپدا... شوراکان پێکهاتن و وەک بزووتنەوەیەک لە ماوەیەکی کورتدا فراوان بووەوە. ئەم هێزە لە هەمانکاتدا لە نیو خۆیدا چەندین ڕەوتی لە نیو خۆیدا هەڵگرتبوو لە ناسیونالیزمی چەپەوە تا دەگاتە کۆمۆنیزم.... بەڵام تەواوی هێزی ئەم بزوتنەوەیە ئاسۆیەکی سیاسی ڕۆشنی نەبوو، هەروەها هیچ تەجروبە و کارێکی فراوانی کۆمەڵایەتی و جەماوەری پشت سەرنەنابوو. سەرەڕای هەر کەموکوری ولاوازییەک یەکەم دەرکەوتنی فراوانی کۆمۆنیزم لە کوردستان لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا، وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەم بزتنەوە شوراییەی ساڵی ١٩٩١. بەکورتی ئەوەی بزوتنەوەی شورایی کردە مێژووی ئەو سەردەمە فراوانی ڕیزی کۆمۆنیزم و چەپ بوو لە کوردستان. لەمبارەوە کۆمۆنیست وچەپەکان و هەڵسوراوانی بزووتنەوەی شورایی و چەکدارانی ئەم بزوتنەوەیە رۆڵێکی گەورە و جەسوریان بینی. لەدەستدانی ڕیزێک لە چەکدارانی بزووتنەوەی شورایی بۆ بەرگری لە خەڵکی کوردستان هەرگیز لە یاد ناکرێت، ئێمە قەرزاباری ئەو هاوڕێیانەین کە گیانی خۆیان بەخشی لە پێناو ئازادی و یەکسانیدا.

**بۆپێشەوە**: بزوتنەوەی شورایی تەمەنی کورت بوو، بەڵام دیاردەیەکی نوێ و جێگای پێشوازی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بوو. هۆکانی روهێنانی خەڵکی بەشمەینەت بۆ شوراکان چی بوو؟!!

**سامان کەریم**: شورا یان ڕێکخستنی شورایی، چ وەک دەزگای دەسەڵاتداریتی، چ وەک شێوە و شێوازێکی ڕێکخراوەیی بۆ خەباتی ڕۆژانە، سیاسی یان ئابوری، وە چ لەباری فۆرم و پراتیکردنی هێجگار سادە وئاسانە، وە هەروەها لە باری ئامانج و ئاسۆی کۆمەڵایەتیەوە... ڕاستەوخۆ جووتە لەگەڵ ویست و هیوای کرێکارو خەڵکی بەشمەینەت. جووتە لەگەڵ خواستو داواکاری ئەوان ولەهەمانکاتدا ڕێگایەکی سانایە بۆ پیادەکردن. بۆیە کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش بە خێرایی ڕوویان کردە شوراکان و لە زوربەی ناوەندە کرێکارییەکانی شاری سلێمانی و هەولێر شوراکان ڕێکخران و نوێنەرانی ڕاستەوخۆی خۆیان هەڵبژارد، ئەوەندەی من لە یادم بێت لە زۆربەی هەرەزۆری گەرەکەکانی شاری سلێمانی شوراکان هەبوون و دەخالەتی گەورەیان هەبوو لە کاروباری خۆبەڕێوەبردن و داڵدەدان وخزمەتکردنی ئاوارەکانی ئەو کاتەی شاری کەرکوکدا. تەنانەت پێش ئاوارەیییەکە لە نێو شاری کەرکوکدا لە گەرەکانی شۆرجە و حوریەو ئیمام قاسم و ئازادی و ئیسکاندا شوراکان پێکهاتن. وە شورایەکی یەکگرتوو سەراسەریان پێکهێنا. لەسلێمانی ڕیزی بزوتنەوەکە هێندە فراوان بوو، کە شورای نوێنەرانی شوراکانمان تێدا ڕاگەیاند و هێزێکی چەکداری گونجاوی هەبوو.

لە هەندی جێگا وەک خەستەخانەکان و کارگەی جگەرە، بەریوەبەرەکان دادگای دەکران یان مقاولەکان کارەکانیان دەوەستێنرا لەلایەن نوینەرانی شوراوە، ئەگەر بۆ نمونە کرێکارێکیان دەربکردایە، یان کرێکەیان دوابخستاتایە. بەم شێوەیە شوراکان جۆرێک لە دەسەڵاتیان لە خوارەوە پیادە دەکرد، ئەگەرچی لە ئاستێکی لاوازدا بوو... بەڵام ئەم هەنگاوانە دەستپێپێکردبوو. خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش شوراکانی بە ئیرادە و بەشیک لە هێزی خۆی دەبینی. ئەمە وای کردبوو کە خەڵک وە بەتایبەت کرێکاران پەیتا پەیتا ڕوویان تێدەکرد، من بیرمە، کرێکاران و رابەرانی ئەو کاتەی بزوتنەوەی کرێکاری کە خۆیان لەکاری شورایی و ڕێکخراوەییدا، شارەزاییەکی ئەوتۆیان نەبوو، دەهاتن بۆ بنکەی سەرەکی بزوتنەوەی شورایی، بۆ کۆمەک و ناردنی ڕابەرانی بزوتنەوەی شورایی بۆ کارگە و دامەزراوەکانیان. ئەوەندەی لەیادم مابێت کرێکارانی دامەزراوەی کارەبای سلێمانی، کرێکارانی کارگەی شەکر و ئەلبسەی سلێمانی بەشیک بوون لەم هەوڵە بۆ پێکهێنانی شورا لە شوێنی کاری خۆیان.


**بۆ پێشەوە**: گرینگترین دەستکەوتی بزوتنەوەی شورای چی بوو؟ خاڵە بەهێزو لاوازەکانی کامە بوون؟!

**سامان کەریم**: دەستکەوتەکانی بزوتنەوەی شورایی لە سەردەمی خۆیدا و بۆ ئەوەی چالاکی ئەو قۆناغە، دیاردەیەکی تازەی کۆمەڵایەتی نمایش کرد، ئەویش ئەوەبوو کە کرێکار وە خەڵک بە شێوەیەکی گشتی لە شوێنی کار یان گەرەکدا دەتوانی دەسەڵاتداری بکات و وەک ئەمری واقع دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێت. بەڵام ئەم نمایشە زەمینەکەی یەکگرتوویی و ڕێکخستن بوو، ئەگەرچی لە ئاستی نزمدا بوو. لەمبارەوە ئەم بزوتنەوەیە چاوی خەڵکی کردەوە، کرێکاران و بەتایبەت بەشی پێشرەوی بزوتنەوەی کرێکاری چالاک کردەوە و هێزو بڕوایەکی شۆڕشگێرانەی پێبەخشین. سەرەڕای ئەوانە ژمارەیەکی فراوانی لە داواکاری پێشکەوتوو، خواستی رادیکاڵ و چەمکی شۆڕشگێرانەی هێنایە سەر شاشەی قسە و باس و مقۆمقۆی خەڵک و ململانێی سیاسییەوە. جیایی دین لەدەوڵەت، یەکسانی نێوان ژن و پیاو، خواستە کرێکارییەکان، دادگاییکردنی بەرێوەبەرانی کارگەکان، بەرزکردنەوەی هەیبەت و ئۆتۆریتەی مەعنەوی و کەسایەتی کرێکار و خەڵکی بەش مەینەت.... ئەمانە دەستکەوتی گەورە بوون، بەڵام وەک هەر دیاردەو دەستکەوتێکی تری مێژوویی، ئەگەر بزووتنەوەیەک نەگاتە ئامانجی خۆی، لە بیر دەکرێت یان کاریگەری بەرچاو و دیاری نامێنێت لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا.

گرینگترین خاڵی بەهیزی شوراکان، نمایشی جۆرێک بوو لە دەسەڵات لە خوارەوە لە ئاستێکی سەرەتایدا. بەجیا لەو خاڵانەی دیکە کە بەشێکی لە سەرەوە باسکراون. بەڵام خاڵی لاوازی سەرەکی ئەم بزووتنەوەیە، ئەوەبوو، دوای ئەوەی کەسەریهەڵدا. بەبڕوای من ئەگەر هێزێکی ڕێکخراو و ئاسۆ ڕۆشنی کرێکاری لەوسەردەمەدا بونی هەبوایە، دەخاڵەتەکەی بەشێوەیەکی دیکە دەبوو. دەبوایە حەتمەن دەخاڵەتی بکردایە، بەڵام زیاتر لە جیاتی کاری ئیداری و خۆ خەریکردن بە وردەکاری شوراوە، تەنانەت پێکهێنانی شورا بەو شێوەیە، ڕوپەدکردە کۆنترۆڵکردنی شاری سلێمانی یان ناوچەیەک لە هەولێر یان لایەنی کەم چەند گەرەکێک و بانکەکان و دامەزراوە گەورەکان، وە لەمبارەوە هێزی تەواو هەبوو. بەڵام کە سەریهەڵدا و گەشەی کرد لە ماوەیەکی کورتدا، لاوازییەکەی نەبوونی ئاسۆی سیاسی بوو، دیار نەبوو، کە بەرە کوێ مل دەنێ. کاتێک کە ئاسۆی سیاسی و قبیلەنمای بزووتنەوەیەک دیار نەبێت، دەرگیری دەکات لەگەڵ سەرگێژەو خۆ خواردنەوەو، بەخۆداچوونەوە. هەربۆیە زۆر زوو نیشانەکانی ئەم لاوازیە لە بزوتنەوەکەدا دەرکەوت لە پێش ئاوارەییەکەوە. ئاوارەییەک کۆتایی بە تەمەنی بزوتنەوە و شوراکان هێنا. بەڵام پایەیەکی گەورەو بەهێزی کۆمەڵایەتی پێکهێنا بۆ کارەکانی دواتر، کە بەداخەوە وەک پێویست دەرس و تەجروبەکانی سوودی لێوەرنەگیراوە تائێستا.



# "من ئێستاش شۆڕ و شەوقی کرێکارانی کارگەی دەواجن و کارگەی نەسیج و هاموشۆکەرانی مەڵبەندی شورا کرێکارییەکانم لەیادە و لەبەرچاوە کە ئەو ڕۆژەیان وەک خەونێکی بەدیهاتووی لەمێژینەیان چاو لێ دەکرد."



عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) یەکێک لە رابەران و هەڵسوراوانی بزوتنەوەی شورایی شاری هەولێر

**بۆپێشەوە:** لەدڵی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان، چەپ و کۆمۆنیستەکان هاتنە مەیدان بەکردەوە، و بزوتنەوەی شوراییان وەرێخست، ئەمە چۆن بوو؟

**عەبدولا سلێمان (مەشخەڵ) :** بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نوێ لە باشووری کوردستان لە سەروبەندی شەڕی کەنداوی یەکەم بزووتنەوەیەک بوو خاوەن بەرنامە و داواکاری ڕۆشن بوو. ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە بەتایبەتی پێش ڕاپەڕین جگە لەوەی لەڕووی جیهانبینییەوە لەژێر سێبەرو کارکردی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمۆنیزمی کرێکارییدا بوون. لەهەمان کاتیشدا جگە لەوەی بزووتنەوەیەک بوو گەڕابۆوە سەر مارکسیزمی ئەرسەدۆکس، تێروانینی شورایشی هەم لە کەلەپووری شۆڕشگێڕانەی لینین وتەجرەبەی سۆڤییەتەکان و هەمیش لە ئەزموونی شوراکانی شۆڕشی ٧٩ی گەلانی ئێرانەوە بەدەستی هێنابوو.. کۆمۆنیستەکان وەک تیئور و بەرێخستنی بزووتنەوەی شوورایی کێشەیان نەبوو، بۆیە لەڕووی پراتیکەوە هەر لەگەڵ یەکەم چەخماخەی ڕاپەرین و فەراهەمبوونی فەزای ئازادی لە کوردستان، دەستیان دایە پێکهێنانی شوراکانی گەڕەک و کارگە وشارو وشارۆچکەکان. کۆمۆنیستەکان چاک لەوە حاڵی ببوون کە بەرەی کوردستانی ئەوکات، بەرەیەکی بۆرژوا – ناسیونالیستە و هەوڵی ئەوە ئەدات دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین بۆ خۆی قۆرغ بکات. بیرمان نەچێت ئەتمۆسفیری چالاکی سیاسیی پێش ڕاپەڕین تەنها و تەنها ئەتمۆسفیرێکی چەپیی و کۆمۆنیستی بوو. واتە تەنها کۆمۆنیستەکان لە گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگەی کوردستان چالاکییان دەنواند. ڕژێمی بەعس لە کۆمۆنیستەکان زۆر دەترسا، بۆیە بەردەوام ڕەشبگیری دەکرد و دەیئاخنینە کونجی زیندانەوە. بۆیە کە ڕاپەڕین ڕوویدا خەڵک لەگەڵ بانگەواز و قسە و باسەکانی کۆمۆنیستەکان نەک هیچ خیلافێکیان نەبوو، بەڵکو پێشتر ئەو قسەوباسانەیان بەرگوێ کەوتبوو، یانیش لانی کەم بە مەعقولیان دەزانی و پشتیوانیان لێ دەکرد. هەر بۆیەش لە هیچ جێگا و شار و کارگەیەک هیچ دژایەتییەک لەئارادا نەبوو سەبارەت بە دروستکردنی شوراکان. <u>من ئێستاش شۆڕ و شەوقی کرێکارانی کارگەی دەواجن و کارگەی نەسیج و هاموشۆکەرانی مەڵبەندی شورا کرێکارییەکانم لەیادە و لەبەرچاوە کە ئەو ڕۆژەیان وەک خەونێکی بەدیهاتووی لەمێژینەیان چاو لێ دەکرد.</u> بەداخەوە تەمەنی ئەو بزووتنەوە عەزیمە شۆڕشگێڕانەیە زۆر کورت بوو، بەڵام پڕ لە تەجرەبە و ئەزموونێکە کە لەهەر ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانەدا دەتوانرێ بەدەستەوە بگیرێ و سوودی لێ ببینرێ.

**بۆپێشەوە:** دوای ٢٧ ساڵ بەسەر راپەرینی خەڵکی کوردستاندا، هێشتا خەڵکی کوردستان لەئازادییەکان و لەسەرەتاییترین ماف و خزمەتگوزارییەکان، بێ بەشن، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگێڕنەوە؟

**عەبدولا سلێمان(مەشخەڵ) :** بەچاوگێڕانێکی خێرا بە مێژووی چارەکە سەدەیەکی ڕابردووی باشووری کوردستان ئەوە دەبینین کە:

یەکەم : بزووتنەوەی کومۆنیستی بزووتنەوەیەکی خاوەن تەجرەبە و ئەزموونی حوکمڕانی و دەسەڵات نەبوو و تا بڵێی دەست و پێ سپی بوو لەو بوارە. یان وردتر بڵێم بزووتنەوەیەکی تازە سەرپێ کەوتوو بوو.

دوو : لە بەرامبەردا بورژوا ناسیونالیست و بەرەی کوردستانی ئەوسا، هەم لەڕووی تەبلیغات و هەم لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی و کاریگەری بەسەر زەینی خەڵک تا دەگاتە مەسەلەی چەکداریی و کاریزمای سیاسیی و سەربازیی. بۆرژوا – ناسیونالیستی کورد خاوەن چەندین حیزب و رادیۆ و ڕۆژنامە و سەدان چالاکی عەسکەریی و دەیان فەرماندەیی سەربازیی و هەزاران کادیری سیاسی بوون. ئەمە بەراورد بە هێزی کۆمۆنیستەکان هاوکێشەیەکی نا یەکسانی لە کۆمەڵگە دروست کردبوو.

سێ: خۆشباوەڕی خەڵکی کوردستان بەحیزبە سیاسییەکانی بەرەی کوردستانی و دواتریش یەکێتی و پارتی. ناسیونالیزم چەند دەیە بوو بیروباوەڕی کۆنەپەرستانەی خۆی خستبووە مێشک و زەینی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان. ئەمەش متمانەی ئەوەی بە بەرەی کوردستانی ئەوکات بەخشیبوو، کە ملهوڕانە ڕەفتار بکات بەتایبەتی لەگەڵ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی.

چوار: ئاوارەیی و چۆڵکردنی شارەکان لەبارترین هەلی بۆ بەرەی کوردستانی هێنایە پێشەوە کە لەلایەکەوە بکەوێتە سواڵ بۆ گیرفانی بەتاڵی ئەوکاتی خۆی نەک میللەتی کورد و لەلایەکی تریشەوە کەوتە سات و سەودا لەگەڵ بەعس بۆ سەرکوتی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی.

پێنج: تاکە پارێزەری بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان کۆمۆنیستەکان بوون. ئەم بزووتنەوەیەش حیزبی سیاسیی نەبوو، چەند ڕیکخراوێک بوون جگە لە چەتری کۆمۆنیزمی کرێکاری ئێران و هاوڕێ مەنسوری حیکمەت هیچ شتێک پێکەوە کۆی نەدەکردنەوە. ئەم تەفرەقەیە ڕۆڵێکی زۆر نێگەتیڤی بینی لەوەی نەتوانن بزووتنەوەی شوورایی بە هێز و گوڕێکی گەورەوە بێتە مەیدان و ئەمەش وای کرد خەڵکی کوردستان و بەرژەوەندییە چینایەتییەکانیان لێک دوور بکەونەوە و خەڵکی کوردستان نەگەن بە ئامانجەکانیان.

شەش: لەو مێژووەوە بەرەی کوردستانی و دواتر حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئینجا شەڕی دەسەڵاتی دوو بنەماڵەی یەکێتی و پارتی و ڕێکەوتنامەی ستراتیژی و ڕووخانی سەدام و بەعس و فراوانتربوونەوەی بازنەی دەسەڵاتی ئەم حیزبانە لەسەر حیسابی تێکشکاندنی ئیرادەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کوردستان بوو و خەڵکەکەش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بوونەتە قوربانی گەمەی ناشیرینی نێوان ئەم دوو بنەماڵە تالانچییانە.

حەوت: خەڵکی کوردستان ئەوەی لەسەری بوو کردی، بێدەنگ بوو لەهەمبەر گەلێ کاری ناشایستەی سیاسیی، هێمن بوو لەبەرامبەر زۆر کاری ناقۆڵای ئەو حیزبانە، سەری نەوی کرد تا باڵای ئەو حیزبانە کەڵەگەت بن، چاوی پۆشی لە دزی و تالان و فرۆشتن و کوشتن و تیرۆرکردن. خەڵک باجێکی زۆر قورسی ئەم بێدەنگییە و هێمنییە و سەر نەویکردنە و چاوپۆشییەی داوە. ئەم دۆزەخەی ئێستا کوردستان کە ناوی ژیانیان لێناوە، بۆ بۆرژوازی بەهەشتە و بۆ خەڵکیش جەهەنەم. تاکە ڕێگە ڕامالینی ئەم دەسەڵاتە نەگریسەی بورژوازییە و بنیادنانی دەسەڵاتی شورایی خۆیانە.

# "داتاکان ئەوە نیشان دەدەن کە توندوتیژی و تیرۆری ژنان لە سەردەمی کوردایەتیدا چەند بەرابەری سەردەمی بەعسە"



لاوژە جەواد هەڵسوراوی کۆمۆنیست و بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان

**بۆپێشەوە:** کاتێک بەرەی کوردستانی لەگەڵ ڕاپەڕیندا گەڕانەوە کوردستان، لێبوردنی گشتیان بۆ کرێگرتەکانی بەعس و سەرۆکی فەوجە خەفیفە و مەفرەزە خاسە و ئەمن و ئیستیخباراتە کوردەکان دەرکرد، بەڵام شەپۆلێکی ژن کوشتنیان دەستپێکرد، لە ژێر ناوی پەیوەندیان بە دەزگاکانی حکومەت و لە ژێر ناو و پاساوی ئەخلاقیدا، لەو بارەیەوە بۆچوونی ئێوە چییە؟

**<u>لاوژە جەواد</u>:** سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە؛ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستە وردبوونەوەیەکی کورت بکەم لەسەر ئەو هێزانەی کە بەرەی کوردستانیان پێکهێنا و زیاتر مەبەستم ئەو هێزانەیە کە ٢٧ ساڵە حاکمیەتی کوردستان دەکەن.

پارتی وەک هێزی سەرەکی و دواتریش یەکێتی کە لە هەناوی پارتیەوە هاتووەتە دەرەوە، کۆڵەکەی سەرەکی بزوتنەوەی کوردایەتین.

مێژووی سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ جولانەوەی بەرەنگاری ئاغاو فیۆداڵەکان بەرامبەر ئیسلاح زراعی. ئیسلاحی زراعی کە هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی یەکەم شەپۆلی تەکنۆلۆجیای بەرهەم هێنان و گواستنەوەی قۆناغی فیۆداڵی بەرەو سەرمایەداری.

ئەم بزوتنەوەیە چەندین جار توشی ئەزمە و ململانێی نێوخۆیی دەبێت، بەڵام هەرگیز نەیتوانی بازنەی سۆسیال عەشایری بشکێنێ و خۆی دەربازبکات لە سیستەمی ئاغا و عەشیرەت و خێڵەکی.

بنەمای فکری ئەم بزوتنەوەیە کینە و تۆڵە و لە ڕوی کەلتوورییەوە کۆنسەرڤاتیزمی عەشائیری و گەورە سالاری، لە ڕوی ئیداری و شارستانیشەوە کوێر و بەتاڵ.

سایکۆلۆجیەتی هێزی مرۆیی ئەو بزوتنەوەیە!

شایانی باسە هێزی مرۆیی ئەم بزوتنەوەیە کۆمەڵێک خەڵک بوون، گەرچی زۆربەیان ناڕازی بە نیزامی سەدام و لە سەرەتادا خاوەن ورەیەکی شۆڕشگێڕانەبوون، بەڵام بەهۆی هەلومەرجی سیاسی عێراقەوە لە شارستانیەتی شارنشینی دابڕابوون و تێکەڵ فێرگەی کوردایەتی کرابوون، لە بازنەی شاخ بو شار، شەڕ بۆ مفاوەزات، ئاشبەتاڵ بۆ سجن، پێشمەرگە بۆ خەفیفە، دڵسۆزی و دۆستایەتی بۆ خیانەت و پیلانگێڕی، لەسەر سفرەی خەڵکی زەحمەتکێش بۆ داپڵۆسین و شەڕی ناوخۆ، سایکۆلۆجیەتێکی تایبەتی دابوو بەو ئینسانانە کە پەنجەرەی دونیا بینینیان ببووە مەتەرێزی چەکەکانیان و تێگەیشتنیان لە دەوڵەت و کۆمەڵگە ببوو بە زیندان و پاسەوانانی زیندان و فیراری و هێزی ئەمنی، بەرتیلدەر و بەرتیلخۆر. ئەو هێزە خاوەن ئایدیالۆجیایەکی ئینسانی و پەروەردەیەکی سەردەمیانە نەبوو.

ئەم کارەساتەی کە دوای ٢٧ ساڵ بەرۆکی کۆمەڵگەی گرتووە و

# ” سیستەمێک کە ئەم دەسەڵاتەی هەرێم کاری لەسەر دەکات لەگەڵ ئەوەشدا کە سەرمایەداریە، بەڵام خێڵەکی و فیئوداڵیشە، سیستەمێکی لەم جۆرە ناتوانێ ماف وئازادی ئینسان بە ڕەسمی بناسێ “



سەردار عەبدوڵا حەمە هەڵسوڕاوی سیاسی کۆمۆنیست. یەکێک لە زیندانییە سیاسیەکانی ئەمنە سوورەکەی سلێمانی ڕژێمی بەعس. هەروەها هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی شوراڀی لە سلێمانی و نوێنەری شورای کانێسکانی شاری سلێمانی بوو.

**بۆپێشەوە:** کاتێک ئێوە لە زیندانی ئەمنە سوورەکەی سلێمانی ژێر دەسەڵاتی بەعسدا بوون، ئاواتتان چی بوو؟ پاش ٢٧ ساڵ لە نەمانی ئەو ڕژێمە، دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن بەراورد دەکەن؟سەردار عەبدوڵا: بێ گومان ئاواتی هەر کەسێکی زیندانی بە گشتی ئازادبوونیەتی لە زیندان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ کەسێکی کۆمۆنیست، ئاواتی رزگار بوونی ئینسانەکانە لە ستەم وچەوسانەوەی ئابوری وسیاسی و کۆمەڵایەتی یا ستەمی میللی ونەژادی و رەگەزی ...هتد. ئەوەی ئەگەڕێتەوە سەر ئاواتی خۆم ئەوە بوو لە زیندان ئازاد بم و حزبی بەعس بڕوخێ و لە جێگایدا دەسەڵاتێک دابمەرزێت کە ئاسەواری هیچ ستەمێک نەهێڵیت. وە ئاواتم ئەوە بوو کە خۆم نەخشم هەبێت لەم پێناوەدا، بۆیە هەر لەگەڵ ئازاد بوونم لە زیندان دوای یەک هەفتە، دەستم کردەوە بەکاری سیاسی وجەماوەری و لە شوراکاندا دەستبەکار بووم وخەڵکی گەڕەکی کانیسکان لە سلێمانی منیان وەک یەکەم نوێنەری شورای گەڕەک لە کۆبونەوەیەکی گشتیدا هەڵبژارد. سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەتان، دەڵێم زۆر بە داخەوە دوای ٢٧ ساڵ لەدەسەڵاتی حکومەتی هەرێم نەک ئەو ئاواتە نەهاتە دی بەڵکو ڕێژەی ستەم لەسەر خەڵکی کوردستان زیادی کرد، بە تایبەتی ستەم لەسەر کرێکاران و زەحمتکێشان و ژنان و لاوان و مامۆستایان و کارمەندان. ئەوەندە ئەتوانم بڵێم رژێمە مافیایەکەی بەعس گۆڕدرا بە دەسەڵاتێکی مافیایی تر، ئەویش مافیای کوردایەتییە.

**بۆپێشەوە:** ماف و ئازادیەکانی کە ئێوە بەهۆیەوە ئاخنرابوونە زیندانەوە لەسەردەمی بەعس، پاش ٢٧ ساڵ لە نەمانی ئەو ڕژێمە، ماف وئازادیەکان چۆن دەبینن؟

سەردار عەبدوڵا: ماف و ئازادی لە سایەی هیچ دەسەڵاتێکی سەرمایەداریدا وەک پیناسەکەی خۆی و ناوەرۆکی خۆی دابین ناکرێ، مەگەر بە فشارو نارەزایەتیەکانی خوارەوە نەبێت. سیستەمێک کە ئەم دەسەڵاتەی هەرێم کاری لەسەر دەکات لەگەڵ ئەوەشدا کە سەرمایەداریە، بەڵام خێڵەکی و فیئوداڵیشە، سیستەمێکی لەم جۆرە ناتوانێ ماف وئازادی ئینسان بە ڕەسمی بناسێ، لە کاتی بەعسدا پێشێلکردنی ماف و ئازادیەکان جۆرێک بوون، لە سەردەمی حوکمی کوردایەتی دا جۆرێکی تر. بۆ نموونە لە کاتی بەعسدا ستەمی میللی هەبوو لە سەر خەڵکی کوردستان ئازادی کۆبونەوە و خۆپیشاندان، ئازادی سیاسی و چالاکی مەدەنی و ڕۆشنبیری جەماوەری ڕێگە پێ نەدراو بوو، لە سەردەمی حکومەتی هەرێمدا ستەمی میللی نەماوە، بەڵام کێشەی میللی ماوە، وە سەرجەمی ئازادی و مافەکانی تر زۆر مەحدود کراونەتەوە. ئەوەندە ڕێگە پێدراون کە بچوکترین زیانی بۆ دەسەڵات نەبێت و لە دزی و تالانیەکانیان کەم نەکاتەوە، وە هیچ کات ئەم دەسەڵاتە گوێ لە خەڵک ناگرێ بۆ دابینکردنی ماف و ئازادیەکانیان. لە سەردەمی بەعسدا خەڵکی کێشەی مووچە و کارەبا و ئاو و نەوت و گازو بەنزینی نەبوو، بەڵام ئێستا ئەمانەیشی هاتوەتە سەر.

بۆپێشەوە: دوای زیاتر لە چارەکە سەدەیەک لە ژێر سایەی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، دۆخی کوردستان گێڕدرایەوە بۆ کاتی ١٩٩١، هۆکاری ئەم خولانەوە لەو بازنەیەدا چییە؟

سەردار عەبدوڵا: نەک بارودۆخ گەڕاوەتەوە بۆ پێش ١٩٩١، بەڵکو دەتوانم بڵێم بارودۆخێک کە ئێستا خەڵکی کوردستانی تێدایە لە هیچ کاتێکدا خەڵکی کوردستان بە خۆیەوە نەدیوە و شتی وا نەبووە. دیارە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی دەسەڵاتێکی میلیشیایی و مافیایی کوردایەتی کە لە دوای ڕووداوەکانی شەڕی کەنداو لە ساڵی ١٩٩١ بە زەبری چەک و بە کۆمەکی ئیمپریالیستەکانی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا هاتنە سەر کار، بەڵام لە ژێر پەردەی دیموکراتی و پەرلەمان و هەڵبژاردندا، جا هەر چەند ساڵ جارێکیش ئەم هەڵبژاردنە دووبارە دەکەنەوە بۆ شەرعیەت دانەوە بەم بارودۆخە ناهەموارە، هۆیەکی تریش ئۆپۆزسیۆنی ئەم دەسەڵاتەیە کە ئیسلامیەکان و بزوتنەوەی...

بۆ لاپەرە 14

تەنانەت ئاو و کارەبا نییە، نابێ بە هیچ شێوازێک جێگای سەرسوڕمان بێت. کۆمەڵگەی کوردستان کرا بە ئۆردوگایەکی بێ دەرگاو پەنجەرە و خاڵی لە یاسا و دادپەروەری و سەرجەم جومگەکانی کۆمەڵگە تەحویلی بەڕێوەبەرایەتیەکی نا پرۆفشناڵی برسی دەسەڵات و گیرفان قوڵ کرا.

لەم کەلتوورەدا ژنان هیچ جێگاو رێگایەکیان نییە و تەنها موڵکی پیاوانن، ئەوەی بڕیاردەری سەرەکییە سەرۆک عەشیرەت و ئاغاو مەلاکانن. یەکەم دەسپێکی دەسەڵاتداریەتی بزوتنەوەی کوردایەتی بۆ بەتاڵکردنەوەی ڕق و کینەی چەندساڵەی مێشکی نەخۆشی خۆیان و پاککردنەوەی شەرەف و ناموسیان، هەروەها بۆ چاوترسێنکردنی خەڵک، دەستیان دایە کوشتن و بڕینی کۆمەڵێک ژنی بێ دیفاع، کە گوایە ناموسی نەتەوەیان بەباد دابوو. لە لایەکی ترەوە دەستی هێزە سەلەفیە هاوپەیمانەکانیان ئاوەڵەکرد بۆ تیرۆری ئەو ژنانە، دەیان گروپی ڕیش درێژی تورەکە لەسەر و بێ تورەکە بە درندەانەترین شێوە لە پێش چاوی منداڵان دایکەکانیان خەڵتانی خوێن کرد. مستەشارەکان لێبوردنی گشتیان بۆ دەرکرا و بەشێکیشیان چونە ناو حزبەکان بە پلەو پایەی بەرزەوە، لە سیستەمی خێڵەکی بۆ سزادانی هەر موستەشارێک دەبوو ڕوبەڕوی عەشیرەت و هەندێکجار کادرەکانی خۆیان کە کەسوکاری موستەشارەکان ببنەوە. ئاسانترین چارەسەر ئەوە بوو لە مستەشارەوە بیانکەن بە پێشمەرگە، لەبیرمان نەچێت لە هەڵمەتی بە پێشمەرگە کردنی بەعسیەکان، یەکێتی تا ئێستاش گلەیی هەیە لە پارتی و دەڵێن پارتی فیڵی کردووە.

**بۆپێشەوە:** زوڵم و بێ مافی ژنان لەسەردەمی بەعسدا، راستیەکی ئینکاری نەکراوە، بەڵام دەسەڵاتی کوردی بێ بەزەیيانە تر، ئەو زوڵم و بێ مافیەی درێژە پێدا... ئەوە بۆچی دەگێرنەوە؟

**لاوژە جەواد:** دۆخ و هەلومەرجی ژنان لە هەر کۆمەڵگەیەک ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە تێڕوانین و تێگەیشتنی حاکمیەتەوە بۆ پێگەی ئینسان بە گشتی و پێگەی ژن بە تایبەتی. بەعس و ناسیۆنالیزمی کورد بە ڕواڵەت دژبەیەک بوون، بەڵام لە ناوەرۆک پارچەی یەک تۆپ قوماشن، و لانیکەم سەبارەت بە ژن نەک تەنها یەک تێگەیشتنیان هەیە، بەڵکو یەک سەرچاوەیان هەیە کە شەریعەتی کۆنەپەرەستانە و چەق بەستوی ئیسلامیە. سیستەمی پەروەردە و مەلا و مزگەوت لە هەردوو سەردەمەکە ئەرکیان ئەوەبوو کە نەوە لە دوای نەوە مێشکی کۆمەڵگە پڕکەن لە نەفرەت و ژەهری دژە ژن پێناسەیەک بکەن بۆ ژن و پیاو وە کۆیلە و خاوەن کۆیلە.

مەسەلەی ژن مەسەلەیەکی سیاسیە، پەیوەندی بە ئایدیای هێزی دەسەڵاتەوە هەیە. هەر ئێستا بە ئاشکرا دەبینین کە لە کوردستانی سوریا ژنان دەرفەتیان بۆ ڕەخساوە بەشدارن لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، شان بەشانی پیاوان لە بەرەکانی شەڕ دەجەنگن. دڵنیام لە داهاتوش کەس ناتوانێت بە کەمتریان بزانێت و بیاننێرێتەوە ماڵەوە.

بەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر یەکەم هەنگاوی بەلشەفیەکان دامەزراندنی یاسای یەکسانی ژن و پیاو، و هەڵوەشانەوە و لابردنی هەمو وئەو شتانە بوو کە بەناوی کەلتوورو دینەوە ژنانی دەکردە کۆیلە.

بەڵام داتاکان ئەوە نیشان دەدەن کە توندوتیژی و تیرۆری ژنان لە سەردەمی کوردایەتیدا چەند بەرابەری سەردەمی بەعسە، بەڕای من ئەم جیاوازییە ڕێژەییە چەند هۆکاری هەیە؛ کە سەرەکی ترینیان شەلەل بوونی سیستەمی دادپەروەری کوردستانە لە ژێر ڕکێفی حزب و گەندەڵی ئیداری. ڕۆژانە لێرە و لەوێ لە ژێر پەردەی ناموس و شەرەف جەستەی کوژراوی ژنان فڕێ دەدرێت، بەڵام هەرگیز بڕشتی یاسا و مەحکەمە نەیتوانی دیواری گەندەڵی ببڕێت، و بکوژ بە سزا بگات. بڵاوبوونەوەی بێ ئەندازەی چەک یەکێکی ترە لە هۆکارەکانی زیادبوونی تیرۆر بە گشتی. دەسەڵاتی بەعس دەیویست وەک دەوڵەتێکی یاسایی و ستاندارد خۆی بسەلمێنێت، و بەرهەمهێنان بە زۆری چەقکرابووە ژێر ڕکێفی دەوڵەت " سەرمایەداری دەڵەتی" بۆی گرنگ بوو کە دامودەزگا حکومیەکان کاری خۆیان ئەنجامبدەن. ئێمە لە عێراقی بەعسدا شاهیدی چەند جەنگی یەک لەدوای یەک بووین، هێزی کاری پیاوان ڕەوانەی بەرەی جەنگ دەکرا، بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی بواری ئیداری و بەرهەمهێنان ناچاربوو هێزی کاری ژنان بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە بەکاربهێنێت، ئەوە وایکرد کە ژنان تاڕادەیەک ئازادتر بن و خاوەنی ئابوری سەربەخۆی خۆیان بن.

لە ئێستای کوردستاندا لە هەموو کاتێک ناجێگیرتر و بێ هەویەتترە، دواین چارۆگەی پاپۆڕی ناسیۆنالیزمی کورد لە قوڵایی دەریاکان بە دەم زریانەوە ڕۆیشتوە، بنبەستی سیاسی و بێ ئاسۆیی ناسیۆنالیزمی کورد کۆمەڵگەی دارماندووە، لە ئێستادا نە تەنها ژنان بەڵکو سەرجەم کۆمەڵگە کەرامەتی تێکشکاوە، خەمی ئەمڕۆ ژیان و ئازادی نییە، بەڵکو قوتاربوون و ژیانەوەیە، کەس ناتوانێت پێناسەیەکی دەقیق بکات بۆ کۆمەڵگەی کوردستان، شیرازەی کۆمەڵگە لەبەر یەک هەڵتەکاوە، بێ قانوونی و نابەرپرسیاریەتی شەپۆل دەدات و بوەتە ئۆردوگایەکی مەسرەفی بە دەست تاجیرەکانی لیبراڵیزمی نوێوە.

ئیسلامیزەکردنی کۆمەڵگەی کوردستان لە ڕێگای ئاوەڵاکردنی دەستی ئیسلامی سیاسی سەلەفیزم و ئیخوانیزم، وەرچەرخانێکی بەرەو دوای تەحمیل کردووە بەسەر کۆمەڵگەی کوردستان. ئەحزابی ئیسلامی سیاسی جۆراو جۆر دروستبوون بە پول و پارەی خەیاڵی لە کاتی قەیران و گرانی و برسیەتی بەتایبەت لە نەوەتەکان دەورانی زێڕینی ئەوان بووە بەهۆی ئەوەی کۆمەکی خێزانە هەژارەکانیان کردوە و ناچاریان کردوون منداڵانیان بچنە مزگەوت و کچەکان حیجاب بکەن و لە کونجی ماڵەوە خۆیان قایم کەن.

ئەم هێزە کۆنەپەرەستانە جگە لە مزگەوتەکان خاوەن دەزگای ڕاگەیاندن، خوێندنگە و زانکۆی تایبەت بە خۆیانن، کە هەمیشە هێرشیانکردۆتە سەر ژنان و مافو داخوازییە ڕەواکانیان و هاندانی توندوتیژی بۆ سەریان.

واتا ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ هەوڵی بە ئیسلامیزەکردنەوەی کۆمەڵگایانداوەو ژنانیش قوربانی سەرەکی بوون.

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# ”لەهەر قۆناغ و دەرفەتێکدا ئاستی بەهرەمەندبوون لەئازادی یەکسانە بە ئاستی بەشداری خەڵک لە بڕیاری سیاسی و ڕووداوە چارەنووسازەکاندا.“



## هیدایەت مەلا عەلی... هەڵسوڕاوی سیاسی و کۆمۆنیست

**بۆپێشەوە:** خەڵکی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ دا، بەدژی بەعس راپەڕین و لە پێناو دەست راگەیشتن بە ئازادیدا، بەعسیان وەدەرنا، خەڵکی کوردستان تاچەندە ئازادیان وەدەست هێنا؟

هیدایەت مەلا عەلی: سەرەتا زۆر سوپاستان ئەکەم بۆ ئەم بەسەرکردنەوەیە، سەبارەت بە وەڵامی پرسیارەکەتان، ڕاستیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژووی هەیە دەبێت باش لێیوردبببینەوە و شیکاری بۆ بکەین، مەرج نیە تەنها ڕاپەڕین پێوەری دەستڕاگەشتن بە ئازادی و ژیانێکی ئینسانی و بەها باڵاکانی ئینسان بێت.

هەر ڕاپەڕینێک یان هەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا، بەبێ ئاسۆ و ئامانج و بزوتنەوەیەکی خەملێنراو بە جیهانبینیەکی ئینسانی و پارێزەری شکۆی هاوڵاتی دەرنەکەوێت، ناتوانرێت و بڕیار نیە ئەو ڕاپەڕینە بتوانێت نیشانەی خۆی لەباری ئازادی و ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگاوە بپێکێت، لەکاتێکدا ئەو راپەڕینە بەهەر ئامانج و مەبەستێک لە چەخماخەی دابێت.

ئەگەر زۆر دوور نەکەوینەوە و تەنها بۆ ساڵی ١٩٧٩ و شۆڕشی خەڵکی ئێران بگەڕێینەوە ئەم راستیەمان زیاتر بۆ بەرجەستە دەبێت، ڕاپەڕین و شۆڕشیک کە دامێنەی هەڵسوڕان و بڕبڕەپشتی جوڵە و بزوتنەوەکەی، لەشکرێکی فراوانی چەپ و کرێکار و خەڵکی ناڕازی و ئازادیخواز بوو، بەڵام بەهۆی نەبوونی ستراتیژێکی ڕۆشن، ناڕێکخراوبوون، نەبوونی مەتریالێکی ئینسانی ئامادە بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی بۆ بەسەرئەنجامگەیاندنی پەیام و ناوەخنی خواستی واقیعی کۆمەڵگە، لە کۆتاییدا خەڵکی ئێران، تەواو پێچەوانەی بەری ڕەنج و قوربانی و ماندوویەتی شۆڕش و ڕاپەڕینیان چنییەوە، کە خۆی لەسەرکوت و سێدارە و دەسەڵاتێکی مەزهەبی و چینایەتی وەک جمهوری ئیسلامی ئێرانیان بینیەوە، بۆ کوردستانیش هەمان چیرۆک و هەمان ئەگەرەکان و بەرئەنجامەکانیش هەر وەک یەکە.

ئەوەی کە خەڵکی کوردستان چەند ئازادی وەدست هێناوە؟ کۆی ئازادییەک کە خەڵکی کوردستان بەدەستی هێناوە، وەک پرۆسەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، پەیوەندیدارە بە ڕۆڵ و بەشداری خەڵکی ئازادیخواز و لایەنگرانی بیروڕای ئازاد و بزوتنەوە ناڕازییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان ، لە فراوانکردنەوەی مەیدانەکانی هەڵسوڕان و خەباتکردن بۆ ژیانێک و ئایندەیەکی باشتر و ئینسانی تر، لەهەر قۆناغ و دەرفەتێکدا ئاستی بەهرەمەندبوون لەئازادی یەکسانە بە ئاستی بەشداری خەڵک لە بڕیاری سیاسی و ڕووداوە چارەنووسازەکاندا.

بۆپێشەوە: دوای ٢٧ ساڵ لە وەدەرنانی بەعس لە کوردستان، جیاوازی سەرەکی نێوان دەسەڵاتی بەعس و دوای بەعس چییە؟ حزبە بۆرژوازییەکانی کوردستان، بەدوای راپەرینی خەڵکی کوردستاندا، بەڵێنی کردنی کوردستان بە بەهەشتیان دەدا، بنەمای ئەو بەڵێنانە چی بوو؟ بۆچی نەیانتوانی ویستەکانی خەڵکی کوردستان وەدی بێنن؟

هیدایەت مەلا عەلی: لەڕاستیدا وەک لێکدانەوەی تایبەت بە خۆم پێموایە ئیتر نابێت ئێستا بە رابووردوو سەردەمی راپەڕین بچوێنین و خاڵە هاوبەشەکان و جیاوازەکانیان لێکبدەینەوە، لەبەر ئەوەی لەنزیک بە چارەکە سەدەیەک لەم ئاڵوگۆڕانە، جیهان گۆڕانی زۆری بەخۆیەوە بینیووە، جێگاوڕێگای هێزەکان، هاوسەنگی و بەرژەوەندی هاوبەش و دژبەیەک، جەمسەربەندی دەوڵەتان و هەژموونی بەسەر کایە سیاسی و ئابوریەکاندا، ماهیەت و تایبەتمەندی حیزبە بۆرژواو دەسەڵاتدارەکانی کوردستانی زیاتر ئاشکرا کردوە.

من هەمیشە بۆ بەراوردی دەسەڵاتی ڕەشی بەعس و حیزبە ناسیۆنالیستەکانی کوردستان، وتوومە کە بەعس ئەزموونێکی وەک خۆی لەبەردەستانەبوو بۆ ئەوەی وەک ئەزموون سەیری بکات و پەرچەکرداری دەرهاویشتە کۆمەلایەتیەکانی پێ بکات، بەڵام حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان، کە حیزبی چینایەتی و لووشدانی سامان و بەری ڕەنجی کۆمەڵگە و چینە چەوساوەکانە، ئەزموونی خۆی و دەسەڵاتی ڕەشی بەعسیشی لەبەردەستایە بۆ ئەزموون کردن و بەکردەوە دەرهێنانی، دەسەڵاتێکی خاڵی و داشۆراو لەهەر بەهایەکی ئینسانی و کەرامەت و ئاکارێکی ستانداری مەدەنی.

بەڵێنەکانی خودا بۆ بەهەشت و بەڵێنەکانی حیزبە دەسەڵاتداراەکانی کوردستان بۆ بەبەهەشتکردنی کوردستان، لە وەڵامدانەوە بە خواست و داواکارییەکانی خەڵک هیچ جیاوازیەکی نییە، خاڵی هاوبەش و بەهێزی ئەو دوو بەڵین و ئەو دوو بەهەشتە فریودان و بەرجەستەنەکردنێتی لەژیانی کۆمەڵایەتی و ڕاستی نەبوونی هیچ بەهەشتێک بۆ هاوڵاتیان.

هێزێک و بزوتنەوەیەکی سیاسی کە تەواوی نیوسەدە لە ژیانی هەڵسوڕان و بەکردەوە دەسەڵاتداریەتی خۆی لەشاخ و شار، بە شەڕ ،تیرۆر،کوشتن، سەرکوتی ئازادی بیروڕای جیاواز، پیلان داتاشین، پێش لەشکری کردن، بەندوبەست لەگەڵ دەزگا هەواڵگیری و نهێنیەکان بووبێت. چۆن دەتوانن ژیانێکی شایستە و ئارام و ئاسودە بۆ کۆمەڵگە مسۆگەر بکات.

بنەماکانی بەبەهەشت کردنی کوردستان بۆ خەڵک، پێوانەکەی لە قوڵایی دروستکردنی خۆشباوەڕی و فریودانێکی مەزاجی بە ناسیۆنالیزم و، بەڵێنە بێبەهاکانیان و چاوەڕوانیەکی تاقەت پڕوکێنەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام بەراستی کوردستان بۆ سەرمایەدار و قاچاغچی و مافیاکانی حیزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی بەهەشتە بەڵێن پێدراوەکەیان بوو، لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو و سنور بۆ کێشراودا.

بۆپێشەوە: دوای ٢٧ ساڵ بەسەر راپەرینی خەڵکی کوردستاندا، هێشتا خەڵکی کوردستان لەئازادییەکان و لەسەرەتاییترین ماف و خزمەتگوزارییەکان، بێ بەشن، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگێڕنەوە؟

هیدایەت مەلا عەلی: لەهەر کۆمەڵگایەکی چینایەتیدا بۆ ئەوەی بۆ ئازادی و ژیانێکی ئینسانی و پارێزراوبوونی کەرامەتی تاکەکان بگەڕێیت، دەبێت کۆدی ئەو هاوکێشەی هێز و هاوسەنگیە بدۆزیتەوە کە لەنێوان هەر شێوازێک لە دەسەڵات و کۆمەڵگە بەگشتی و چینە مەحروم و زەحمەتکێشەکاندا هەیە.

بەبێ بزوتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چینایەتی ڕاوەستاو لە کۆمەڵگەدا، کە وەک قەڵاو سەنگەری بەرگری لە ئینسانەکان دەربکەوێت، و بەبێ هوشیاریەکی چینایەتی کە لەڕوانگەو ڕەهەندە جیاوازەکانەوە پیلان و هێرشی چینە دەستەڵاتدارەکان بخوێنیتەوە، ناتوانرێت ماف و ئازادیەکانی خەڵک و خزمەتگوزارییەکان فەراهەم بکرێت، بەبێ بوونی هێزێک لە کۆمەڵگەدا کە هەمیشە کالای بە باڵای ناڕەزایەتی و، ڕاوەشاندنی پەنجەی وەڵامدانەوە بە ستەمکاری و ناعەدالەتی ڕیزی جەماوەری ناڕازی ڕێکبخات هیچ خواستێک دەستەبەر نابێت.

گرەوی بێبەشی خەڵک لەهەر خواست و مافێک، عیلەتەکەی لەهەناوی پرش و بڵاوی، ناڕێکخراوبوون، نەدۆزینەوەی میکانیزمەکانی خەبات و پاشەکشەپێکردنی هێرشەکانی دەستەڵاتداراندایە، هەمیشە فاکتەرە پەیوەندیدارەکان بە ئەرکی تاک بۆ سەقامگیرکردنی ژیانێکی شایستە ڕۆڵێکی گرنگ و یەکلاکەوەوە دەگێڕێت، سەرەڕای بوونی چەکە سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەربازی و هەمەڕەنگەکانی دەستی دەسەڵات بۆ سەرکوت و فریودان و چەواشەکاریەکانیان.

٢٧ ساڵە کوردستان وەک بورکانی ناڕەزایەتی بەتاک و بە کۆ جۆشیداوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەر چاکسازی و وەڵامدانەوەیەک بە داخوازیەکان پەیوەست دەبیتەوە بە دەستبردن بۆ دەسەڵاتی سیاسی، بەشێکی زۆری داواکاری و ناڕەزاییەتیەکان ناکام و کەم بەرهەم ماونەتەوە، بۆیە لە کوردستان بەهۆی تایبەتمەندی دەسەڵاتە میلیشیایەکەیەوە بەبێ لەرزاندنی عەرشی بەرژەوەندی و هەڵتەکاندنی سیستەمی سیاسی و چینایەتی، هیچ ماف و خواستێک بەشێوەیەکی بەرجەستەو هەستپێکراو فەراهەم نابێت.

گەمەی ئاراستەکردنی ناڕەزایەتیەکان لە نیوان بەناو حکومەتی لۆکاڵی و ناوەندا، ڕۆڵێکی گرنگی لە چەواشەکاری و شێواندنی ناوەڕۆکی ئینسانی ناڕەزایەتی و ماف و خواستەکان بینیووە، ناڕەزاییەتیەکانی ئەم چەند مانگەی کۆتایی لەکوردستان ئەو ڕاستییەی نمایش کردوە، کە چۆن دوو دەسەڵاتی چینایەتی لە کوردستان و عێراق، بەیەک ناوەڕۆکی چینایەتی هاوبەشەوە یاری بە ماف و خواست و ژیان و کەرامەتی ئینسانەوە ئەکەن.

بۆپێشەوە: داوی ٢٧ ساڵ بەسەر راپەرینی خەڵکی کوردستاندا، خەڵکی کوردستان بەدوای فرسەتێکدا دەگەڕێن بۆ راپەرین بەسەر دەسەڵاتی حزبەکانی کوردستاندا، هۆکاری ئەمە چییە؟

هیدایەت مەلا عەلی: لەڕاستیدا من کەمێک هاوڕای ناوەڕۆکی پرسیارەکە نیم، ئەوەی لە واقیعدا دەبینرێت ڕاستی و حەقیقەتێکی جیاوازە، خەڵکی کوردستان تاکو ئێستا چەندین فرسەتیان بۆ هاتۆتە پێشەوە، یان دەتوانین بڵێین چەند ڕووداوی سیاسی و ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی ڕویانداوە بۆ ئەوەی بتوانن وەک فرسەت یان دەرگایەک بۆ ئاڵوگۆڕ پێیداتێپەڕن، بەڵام تاکو ئەم چرکەساتە ڕووینەداوە، شەڕی ناوخۆ، ٣١ی ئاب، ١٦ ئۆکتۆبەر، برسیەتی و نەبوونی مووچە، ئەمانە هەموویان چۆن وەک چیمەنتۆی قایمکردنی پایەکانی کورسی دەسەڵات لە کوردستان ئەتوانرێت سەیر بکرێت، بەهەمان شێوەش دەکرێت وەک ئامراز و چەکی دەستی خەڵک بۆ راپەڕین و ڕووخانی دەسەڵات ئامانجەکانی پێچەوانە بکرێتەوە.


لە تونس کاتێک هاوڵاتیەک ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا، ئاگر بەربووە جەستەی دەسەڵات و هەرەمی ستەمکاریان ڕووخاند، ڕاستە لە کوردستان ناڕەزایەتی هەیە، چەوساندنەوە هەیە، گەندەڵی و فورمی دەسەڵاتداریەتیەکەی لە ئاستی دنیادا بێ وێنەیە، ژیان و کەرامەتی ئینسان پارێزراو نییە، بەڵام تاکو ئێستا ڕاپەڕینێکی سەراسەری کە لەهەناوی خۆیدا ،شیعاری بڕوخێ و ڕاپەڕین بەسەر دەسەڵاتدا، نەبۆتە بزوتنەوەیەکی فراوانی کۆمەڵایەتی و خواستێکی جەماوەری.

خواست بۆ راپەڕین و ڕوخانی وشکەکەڵەکی دەسەڵات لەکوردستان لە ئاستێکی سنوردار و چوارچێوە دیاریکراودا هەیە، هەندێک جار دەبێتە شیعاری بەشێک لە توێژە ناڕازیەکانی خەڵک لە خۆپیشاندانەکاندا، بەڵام بەبڕوای من ئەم خواستە تاکو ئێستا لە قۆناغی پێکوڕەی خۆیدایەو نەیتوانیووە سەروسامان بەخۆی بدات، ئەمەش هۆکاری تایبەت بەخۆی هەیەو لەم چاوپێکەتنەدا فرسەت نییە کە هەموو لایەنەکانی شیکاری بکرێت.

بۆپێشەوە: ئەزموونی دەسەڵاتی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لە ٢٧ ساڵی دەسەڵاتدارێتیاندا، ئەزمونی سەرکوتی ئازادی و بێمافی و ڕۆژرەشی و دەیان کوێرەوەری و مەرگەسات بوو، خەڵکی کوردستان دەبێ چ بکەن، بۆ رزگاریان لەدەسەڵاتی کوردی؟

هیدایەت مەلا عەلی: بۆ ڕزگاربوون لە جەور و ستەمی حیزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی و

# ” بزوتنەوەی شورایی لە یەکەمین دەرکەوتنی بەکردەوەیدا یەکێک لەگەورەترین حەرامکراوەکانی لەمێژوی کوردستاندا توڕدا، نیشانیدا کە کۆمەڵگای کوردستان چیتر ساحەی سیاسی پاوانکراوی کوردایەتی و حزب و هێزەکانی نییە “



عەبدوڵا مەحمود
یەکێک لە رابەران و هەڵسوراوانی بزوتنەوەی شورایی، نوێنەری شورای سەراسەری سلێمانی

**بۆپێشەوە: شوراکان چۆن پێک هات، ئایا ئەتوانن ساتێک بمانگەڕێننەوە بۆ ئەو کاتانەو باسێک لە سەرەتاکانی سەرهەڵدان و هاتنەپێشەوەی شوراکانی خەڵک و کرێکاران بکەن؟ زەمینەکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی شورایی لە کوردستان چیبوون؟**

**عەبدوڵا مەحمود** :زۆر هۆکار دەوریان بینی لە پێکهێنانی شوراکان و سەرهەڵدانی بزوتنەوەی شورایی لە کوردستاندا، کە دەکرێت ئاماژە بە گرنگترینیان بکرێت و بەوێنەی زەمینەی واقعی پێکهاتنی شوراکان و سەرهەڵدانی بزوتنەوەی شورایی. لەوانە گەشەی چینی کریکار و ژیانی شارنشینی. پێکهاتنی بۆشایەکی ئیداری بەدوای وەدەرنانی بەعسدا. بوونی ڕیزێکی بەرین لە چەپ و کۆمۆنیست و ڕێکخراو کۆروکۆمەڵی مارکسیستیی.

گەشەی بەرچاوی سەرمایەداری و فراوانبوونی ژیانی شارنشینی بەتایبەتیش دوای پەیرەوکردنی سیاسەتی وێرانکردنی گوندو دێهاتەکانی کوردستان لەلایەن بەعس و کۆچپێکردنی زۆرەملی بە خەلک و کۆبونەوەیان لە ئۆردوگاکان کە لە ناوەراستی 70 کانەوە دەستی پێکردبوو، ژیانی شاری کردبوو بە واقعیەتێکی بەرجەستە و پەیوەندی کارو سەرمایەش دەمێک بوو ببوو بەپەیوەندی زاڵی بەرهەمهێنان. لەگەڵ ڕژانی بەلێشاوی هیزی کاری تازە بۆ ناو شارەکان پەیوەندی کارو سەرمایە بەوپەری خۆی گەیاندو چینی کریکاریی بەکرێی لە باری چەندێتی و چۆنیەتیەوە، گەورەتر کردو قڵشتی چینایەتی زۆر بەرجەستە کردەوە.

ئەم ئاڵوگۆرە ئابوری و شێوە گەشەکردوەی ژیانی شارنشینی بە ناچار ئامادەیی چینی کرێکاری لە زەمینەی سیاسیدا، لەگەڵ خۆیدا هێنا. دیارە هاوکات لەگەڵ ئەمانەدا، سونەت و شێوەی خەباتیش تا ڕادەیەکی زۆر گۆڕانی بەسەردا هات. شێوەی خەباتی تەقلیدی چەکداری و شاخی و ناسیونالیستی و ماوی، پشت بەستن بە دێهات و عەشیرەت و....، تارادەیەکی زۆر مەوزوعیەتی خۆیان لەدەست دەدا.

ئەم ئاڵوگۆرە لە تەرکیبی چینەکان و گۆڕانی شیوەی ژیان و گۆڕانی شیوەی بەربەرەکانی و هەڵسورانی سیاسی و حزبی.... چینی کرێکار گەشەکردووی بە وێنەی چینێکی کۆمەڵایەتی بە سەنگی سیاسی خۆیەوە، هێنایە مەیدان.

هاوکات لەگەڵ ئەوەدا ئەم ئاڵۆگۆڕانە بوو بە سەرچاوەی پاشەکشەی بزوتنەوە تەقلیدیەکان، بوو بە مەبنایەکیش بۆ گرسانەوەی ئامانج و بەرزکردنەوەی ئاڵای سۆسیالیستی و....پێکهاتنی چەندین ڕێکخراو و رەوت و کۆروکۆمەڵی چەپ و مارکسیستی.

لەدلی هەلومەرجی ئەوکاتی پێش هەڵسانی جەماوەریدا، لە دڵی ئەزمەو کێشمەکێشی بەعس و ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیدا، هەر وەکو چۆن هەموو بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکان لە ڕێگای ڕێکخراو و حزبەکانیانەوە خەریکی خۆئامادەکردن بوون بۆ ئەو ڕووداوە چاوەروانکراوانەی لەپێش بوون، ئاواش ڕێکخراو کۆرو کۆمەلە چەپەکان خەریکی خۆئامادەکرەن بوون.

ڕاپەرینی جەماوەری خەڵکی کوردستان کە بووە وەدەرنانی بەعس و سەرجەم دام و دەزگاکانی بۆشایەکی گەورەی ئیداری بەدوای خۆیدا هێنا، کەهەرکام لە هێزو حزبە سیاسیەکان دەیانویست بەو جۆرەی خۆیان دەیانەویست پڕیبکەنەوەو ئیدارەی شاروشارۆچکەکانی کوردستان بگرنە دەست. لە دۆخێکی ئاوادابوو کە ڕێکخراوە و چەپ و کۆمۆنیست و کۆروکۆمەڵەکانیان کە پێشتریش لە خەباتێکی سەختدا بوون لە دژی رژێمی بەعس و تەنانەت بەسەدان لەهەڵسورانی لە زیندانەکانی بەعسدا بوون، کەوتنە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی شوراکان. بەدەست پێشخەری و ئیبتکاری ئەوان شوراکان لەکارگاکان و ناوەندە خزمەتگوزاریەکان و گەرەکە کەمدەرامەت و زەحمەتکێشنشینەکاندا پێکهێنران و جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێشیش بە شوروشەوقەوە لە هەموو شارو شارۆچکەکاندا لە دەوریان کۆبونەوە.

**بۆپێشەوە: بەڕای ئێوە شوراکان چ جێگایەکیان لە ڕاپەڕینی ئازاری 91دا گرتووە؟**

**عەبدوڵا مەحمود** :هیچ مێژوونوسیکی ویژدان زیندو نییە مێژووی کوردستان و راپەرین بنوسیتەوە، بتوانیت باز بەسەر نەخشی چەپ و کۆمۆنیستەکان لە راپەرین و شوراکاندا بدات و بزوتنەوەی شورایی بە وێنەی بزوتنەوەیەکی نوێ و جەماوەری نادیدە بگرێت.

سەرهەڵدانی بزوتنەوەی شورایی لە کوردستان وپێکهاتنی شوراکان، یەکێک لە گەورەترین وەرچەرخان و روداوی نیوو مێژوی هاوچەرخی کوردستان بوو .**بزوتنەوەی شورایی لە یەکەمین دەرکەوتنی بەکردەوەیدا یەکێک لەگەورەترین حەرامکراوەکانی لەمێژوی کوردستاندا توڕدا، نیشانیدا کە کۆمەڵگای کوردستان چیتر ساحەی سیاسی پاوانکراوی کوردایەتی و حزب و هێزەکانی نییە**

لە کوردستانی عیراقدا تا ئەوکاتە بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد تاکە مەیداندراری ساحەی سیاسی بوو. بە سونەتیەوە بە شێوەی هەڵسوڕانیەوە، بە فەرهەنگ و کەلتورو شێوەی ململانێیەوە، بە دروشم و بانگەشەکانیەوە، بە ڕابەری و ... نوینەرایەتی بزوتنەوە دواکەوتوو چینەداراکانی کوردستانی دەکرد. بزوتنەوەیەک کە جەماوەری کرێکارو بێبەش و زەحمەتکێشی کوردستان جگە لە زەخیرەیەکی جەنگی لە پێناو بەرژەوەندی چینەداراکان زیاتر هیچی تر نەبوو.

هاتنە مەیدانی چەپ و کۆمۆنیستەکان کە تائەوکاتە زۆرتر لە چوارچێوەی بزوتنەوەی سیاسی و ئایدۆلۆژی و تیۆری و شێوە هەڵسورانی نهێنیدا کارا بوون، بۆ ناو بەرامبەرکێ و پرکتیکی و سیاسی گەرم و لە کەشێکی دواکەوتوانەی جەنگی و بەرزکردنەوەی ئاڵای بزوتنەوەیەکی نوێ" ئاڵای بزوتنەوەی کریکاری" و وەریخستنی شێوازێکی نوێ و خەباتکارانە بۆ ڕێکخستنی کریکاران و خەلکی زەحمەتکیش و دەست بردن بۆ پێکهێنانی شوراکان کە لە خوارەوە بۆسەرەوە کریکاران و خەڵکی زەحمەتکێش ئازادانەو راستەوخۆ لە ڕێگای کۆبونەوە گشتیەکانەوە نوێنەری واقعی جێمتمانەی خۆیان هەلبژێرن و هەر کاتێکیش ویسترا دیسان ئازادانەو لە ڕێگای کۆبونەوە گشتیەکانەوە لاببرێن و هەلبژاردنی کەسانی تر وەکو نوێنەری راستەقینەی خۆیان.... هێندە ئیبتکارێکی نوێ بوو کە تا ئەوکاتە لە کوردستانی عیراقدا دەستی بۆنەبرابوو. ئەم شیوازە لە ڕێکخستن جەماوەری خەڵکی کرێکارو دەست تەنگ، باشترین رێگەی خستنەگەری ئیرادەی راستەوخۆ بوو بۆ پیادەکردن و بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆیان بە دەستی خۆیان .

بەکورتی بەشداری و نەخشی کۆمۆنیستەکان لە راپەرین و سازدان و ڕێکخستنی خەڵکی کوردستاندا، سەرباری هەر هەڵەو سەرنجیک قابیلی ئینکارکردن و فەرامۆش کردن نییە. لە دڵی خرۆشانی جەماوەری خەڵکی کوردستاندا جوانترین دیاردەو شۆرشگیرانەترین دروشم و بەرچاوترین هێڵی سەربەخۆیی و وابەستەنەبوو بە سیاسەت و نەخشەی ئەمریکاو جەنگخوازی کۆنەپەرستیەوە لەلایەن چەپ و کۆمۆنیستەکانەوە، بەدەستەوەگیرابوو. پاشانیش پێکهێنانی شوراکان و سازدانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش لە شوراکاندا، لەدرێژەی هەمان رەوەندو لە چوارچیوەی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکیشدا، ئەو نەخشە لەبیرنەچوو وە بەرپرسانەیە کە سەرمایەکی گەورەی چەپ و کۆمۆنیزم و ئازادیخوازی و عەدالەتخوازییە.

رەخنەی ریشەیی و شورشگێرانەی بەکردەوە لە بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد، بە هینانە ئارای بزوتنەوەی شورایی دەستپێکرد. رەخنەی سیاسی و ئایدۆلۆژی چەپ و کۆمۆنیزم لە بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد و حزبەکانی بە پیکهینانی شوراکان، گۆڕدرا بە رەخنەی بەکردەوەو شەری ئەڵتەرناتیف بۆ سازدان و بەرێوەبرنی کۆمەڵگا .

**بۆپێشەوە: ئێوە وەک هەڵسوراوێکی بزووتنەوەی شوورایی ساڵی 1991، بەدوای ٢٧ ساڵ بەسەر تەجرەبەی بزوتنەوەی شورایی، ئەمرۆ چۆن ئەڕواننە ئەم بزووتنەوەیە؟ جێگاو نەخش و مومارەسەکردنی ئازادانە و**

## پاشماوەی .. دیمانە لەگەڵ هیدایەتی مەلا عەلی

دەسەڵاتەکەیان، تەنها یەک ڕێگا هەیە، ئەویش ڕوخانە، لەڕیشەوە هەڵکێشانی ئەم ددانە ڕزیوو و کرمۆڵ و ژەهراویەیە. خەڵکی کوردستان زۆر ڕێگایان تاقیکردەوە، بەڵام هیچ یەکێک لەو ڕێگایانە نەیتوانیووە سەرەداوی ڕێگاچارەیەک پیشانی کۆمەڵگە بدات، هەڵبژاردن، ڕێپێوان، نامەی نارەزایەتی، واژۆکۆکردنەوە، پەیوەندی دیبلۆماسی، بایکۆت، مانگرتن، هیچ یەکێک لەم ئامرازی نارەزایەتیانە نەیانتوانی دەسەڵات توشی شۆک بکات، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە دەسەڵاتدارانی کوردستان، خاوەن هیچ پرنسیبیەکی ئینسانی نین و داشۆراون لە هەر ئاکارێکی مرۆی، ئەم دەسەڵاتە کۆمەڵێک چەتەو مافیاو مورتەزەقەی سەرمایەدارن، چاویان ئینسان و کەرامەت و ژیانیان نابینێت، خەڵکی کوردستان دەبێت ئەم دەسەڵاتە بڕوخێنێت، لەڕیشەوە بنەماکانی پایە و سیستەمەی هەڵکێشێت.

## پاشماوەی .. دیمانە لەگەڵ کاوە عومەر

گۆڕانە،... ئەمانە کاریان ئەوەیە بەناوی دیفاع لەخەڵک و ماف و ئازادییەکانی، هاتوون تەنها دەسکەوت بۆ خۆیان بچنەوە و هاتوون نارەزاتییەکانی خەڵک بە ئاژاوەگێڕی نیشان بدەن، تا دەسەڵات بە ئاسانی بتوانێت سەرکوتیان بکات. هۆیەکەی تریش بەڕای من نەبوونی بەدیلێکی بە هێزە کە بەڕاستی بتوانێ لە پشت ماف و ئازادییەکانی خەڵکەوە بێت. زیاتر مەبەستم لە هێزێکی وەک بەلشەفیەکانی ڕوسیایە کە بتوانێ هەڵگری پەیامێکی شۆڕشگێڕانە بێت و بە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی ئەم بارو دۆخە کۆتایی پێ بێنێت.

بۆپێشەوە
FORWARD بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

**دیموکراتیانەی ئیرادەی خەڵک و کرێکاران و زەحمەتکێشان لە شوراکان دا چۆن بوو؟**

**عەبدوڵا مەحمود** :بزوتنەوەی شورایی ساڵی 1991 مێژویەکی نزیک و لە بیرنەچووەویە، وە مایەی شانازیە بۆ هەموو ڕێکخراو کۆروکۆمەڵ و کەسایەتیە چەپ و کۆمۆنیست و ئەو رابەرە کرێکاریانەی نەخشیان گێرا لە هینانەگۆڕی بزوتنەوەیەکی نوێ ی رادیکاڵ و پێشرەو. هاوکات کریکاران و خەڵکی ستەمدیدەو دەست تەنگ و هەموو ئازادیخوازانی کوردستان کە بەشدار بوون لەم بزوتنەوەیەدا یان شاهیدی نەخشی شوراکان بوون، نەخشی شوراکان بەرز دەنرخێنن و دەزانن چ بزوتنەوەیەکی جەماوەری رادیکال و پڕ دەسکەوت و پر داهێنان بووە.

ئێستا کە سەیری واقعیەتی سیاسی کوردستان دەکەین،دەبینین سەد بەرابەری 1991 خەڵکی کوردستان پێویستیان بە شوراکانە. پیویستیان بە هێزیکی بەهیزی میلیتانت و پڕ جەسارەت هەیە کە بتوانی کۆتایی بهێنیت بە دەسەڵات سیاسی و کاریگەری سەرجەم بزوتنەوەی قەومی کورد بە هەموو ڕێکخراو حزب و رەوتە رەنگاو رەنگەکانیەوە. خەڵکی کوردستان لەلایەن بزوتنەوەی بورژوا-قەومی کوردو میلیشیاکانیەوە سەلبی ئیرادەی کراوە. پیویستە ئەم ئیرادەیە بۆ خەڵکی کوردستان بگێڕدرێتەوە، گیرانەوەی ئیرادەش بەوە دەبێت کە خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش رێگەیان پێبدرێت تا خۆیان نەخشیان هەبێت لە رەسمکردنی ژیان و گوزەرانی ئێستاو داهاتوی سیاسی خۆیان.

بزوتنەوەی شورایی 1991 خاڵی هەرە گەشی ئەوە بوو کە دەروازەی کردەوە بۆ ئەوەی کرێکاران و خەڵکی نەداری کوردستان، ممارەسەی تونایەکانی خۆیان، لە دۆخی دڵخوازی خۆیاندا بکەن.لە کۆبونەوە گشتیەکانی خۆیاندا نوێنەرانی خۆیان راستەوخۆ هەڵبژێرن، کەس لەسەرەوە کەسی وەکو نوینەرو قسەکەری ئەوان دیاری نەدەکرد، وە هەر کاتیک زوربە بیودستایە دەیتوانی کۆبونەوەی گشتی سازبدات و ئەو نوێنەرانەی وەکو پێویست دەوریان نەبوایە لابرێن و نوێنەری تر هەڵبژێرن. هاوکات خۆیان بریاردەرو جێبەجیکردنی بڕیارەکانن. بە پێچەوانەی هەلبژادرنی بۆرژوازی کە 4 ساڵ جارێک لەسەرەوە سیناریۆیەک وەڕێدەخەن کە لە سەرەتاشەوە سەرکەوتووەکان دیارن،و ئینسانی دەنگدەریش لە جێگای ئەوەی خۆی بە پیرۆز سەیربکرێت بە وێنە کائینێکی کۆمەڵایەتی و خاوەن ئیرادە، دەنگەکەی بە پیرۆز دەزانرێت. دوای کۆتاییهاتنی گەمەی هەڵبژاردنەکەش تا 4 ساڵی دیکە بە ناوی وەرگرتنی دەنگی زوربەوە کۆمەڵێک لە بەناو سیاسی و یاسایی و لێزان لە کاروباری سیاسی و بەرێوەبردنی کۆمەڵ، دەبنە بریاردانەر بە قازانجی چینی بۆرژوازی و هەرخۆشیان بەپێی بەرژەوەندی خۆیان دەبنە جیبەجێکەریان یان توڕدانیان. بۆیە شوراکان سەرباری هەر کەم و کوری و کەمکاریەک وەکو بزوتنەوەیەکی تازە بەبێ ئەزمونیەکەوە کە بوومان، جیگای شانازی و دەرس لێوەرگرتنە.

وە بەحەق شوراو بزوتنەوەی شورایی تاکە چوارچێوەیەکە کە ئینسانی کرێکارو زەحمەتکێش و زوربەی تاکەکانی کۆمەڵگا دەتوانن ممارەسەی ئیرادەی ئازادانەی خۆیانی تیا بکەن و نەخش و توانایی واقعی خۆیانی تیا بخەنە گەر.

**بۆپێشەوە: شوراکان چیان دەویست، شیعارە سەرەکیەکانیان چی بوون، چ بەرنامە و ئامانجێکیان بۆ خەڵک هەبوو؟ چ کاریگەرییەکیان بەسەر کۆمەڵگاو بزووتنەوەکانیتر جێهێشت و دەرس و تەجروبەکانیان کامانەن؟ لە ماوەی تەمەنی شوراکان ئەو کارانە چیبوون ئەنجامیاندا؟**

**عەبدوڵا مەحمود** :شوراکان و بزوتنەوەی شورایی دەیانویست لەسەر ساحەی سیاسی کوردستانی بەعس وەدەرنراودا، کۆمەڵگا بە جۆرێک سازبداتەوە کە دەورو نەخشی کریکاران و خەڵکی کوردستان لە بەرێوەبردنی کوردستان و لە پەسەندکردن و جێبەجیکردنی یاساو سیاسەتەکاندا فەراهەم بکات و لە ئاستی ناوچەیی و سەراسەریدا لە سیستەمی هەڵبژاردنی راستەوخۆ لە رێگای شوراکانەوە بەرێوەببرێت. ئەمە ئامانج و بەرنامەی شوراکان لە گشتیترین ئاستی خۆیدا بوو.

دیارە جگە لەو چوارچێوە گشتییە، شوراکان هەڵگری چەندین دروشم بوو کە هاوکات بەکردەوە لەهەوڵی جیەجیکردنیاندا بوو، لەوانە: دروشمی لەسەر کارلابردنی بەعسیە تاوانبارەکان لەکارگەو ناوەندەکرێکاری و خزمەتگوزاریەکان و تاوانبارانی تر و دانیان بە دادگای جەماوەری و ئاشکرا، یەکسانی ژن و پیاو، راگەیاندنی جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت و خوێندن و پەروەردەو یاساکان، ئازادی بێقەیدوشەرتی سیاسی، ئازادی چاپەمەنی و بیروراو بڵاوکردنەوەو ڕێکخرابوون، یاسای کاری پێشرەوی کرێکاری، دامەزراندنی دادگای سەربەخۆ، زامنکردنی مافەفەردی و مەدەنیەکان، کرێی یەکسان بەرامبەر کاری بەکاری یەکسان، 35 سەعات کار لە هەفتەدا.... دەیان دروشمی تر کە دواتر لەلایەن شورای سەراسەریەوە وەکو پلاتفۆرمی شوراکان پەسەندکران.

شوراکان لەو ماوە کەمەی تەمەنیاندا گەورەترین و تازەترین ئەلگۆ و داهینانی کۆمۆنیستیان بەکردەوە وەڕێخست. تا ئەوکاتە باسی بەشداری ڕاستەوخۆی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتێکێش لە بەرێوەبردنی کۆمەڵگادا، تەنانەت باسی ئەوەی هێزو رەوتی تری دەرەوەی بزوتنەوەی قەومی کورد خۆ نیشانبدەن و ئەلگۆی بەریوەبردنی کۆمۆنیستی وەرێبخەن هێڵی سوری زیاتر لە نیوسەدەی بزوتنەوەی قەومی کورد بوو. بزوتنەوەی شورایی لە یەکەمین دەرکەوتنی بەکردەوەیدا یەکێک لەگەورەترین حەرامکراوەکانی لەمیژوی کوردستاندا توڕدا، وە نیشانیدا کە کۆمەڵگا چیتر ساحەی سیاسی پاوانکراوی کوردایەتی و حزب و هێزەکانی نییە، وە چیتر ناتوانن هەمەکارەو هەمە بریاردەر بن.

کرێکاران و خەڵکی بەشمەینەتی کوردستانیش بۆ یەکەم جار نوینەران و قسەکەران و ئاڵای رزگاری بەخش و چوارچێوەی خۆ رێکخستن و ممارەسەکردنی ئازادانەی نیشاندانی توانایی و ئیرادەی خۆیان بینی. ئەمە سەرەتای جەسارەت دان بوو بە هەموو ئەو ئینسانانەی لە دژی بزوتنەوەی قەومی کورد بوون یان رەخنەی ریشەیان لە کوردایەتی و حزبەکانی هەبوو. من لام وایە ئەمە گەورەترین کاریگەری بزوتنەوەی شورایی بوو لەسەر کۆمەڵگا، هاوکات لەو تەمەنە کورتەی شوراکاندا، شوراکان بە شاهیدی دۆست و نەیارانی توانیان دەورو نەخشێکی زۆر بەرجەستەو بەرچاو بگێرن. مەگەر کەسانیک خۆیان لە گەمژەیی بدەن، حاشا لەم راستیانە بکەن کەشوراکان یەکەمین کاریک کە دەستیان بۆ برد وەرێخستنی کۆبونەوە جەماوەریەکان بوو لە کارگەکان و ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و ناوەندە خزمەتگوزاریەکان و گەرەکە کەم دەرامەت و زەحمەتکێشەکاندا بۆ هەڵبژاردنی ئازادانەو راستەوخۆی نوێنەرانی جێباوەری خۆیان بۆ رێکخستنی خۆیان و رێکخستن و بەرێوەبردنی کارگەکان و ناوەندەکان و کاروباری گەرەکەکان بە دەستی خۆیان، هەوڵدان بۆ دانانی دادگای ئاشکرای جەماوەری بۆ ئەوتاوانبارانەی دەستیان لە کوشتن و زوڵم و زۆری سەر خەڵکی کوردستاندا هەبوو، دابەشکردنی عادلانەی ئەو خواردەمەنی و پێداویستیانەی کە هەڵسوراوانی چەپ و کۆمۆنیست و بزوتنەوەی شورایی دەستیان بەسەرداگرتبوو، پاراستنی ممتەلەکاتی کارگەو ناوەندەکان و پاراستنی ئەمنیەتی کارگەو ناوەندەکانی کارو گەرەکەکان، لەسەر کار لادانی بەعسیە تاوانبارەکانی کارگەو ناوەندەکانی بەرهەم هێنان، کردنەوەی بنکە تەندروستیەکان لە گەرەکاکان بۆ پێراگەیشتن بە نەخۆشی و پاراستنی تەندروستی گشتی، بەرگرتن بە دزی و تاڵانی، هەروەها یەکەمین یادکردنەوەی شکۆداری 3 هەمین ساڵیادی کارەساتی هەڵەبجە لەلایەن شوراکانەوە وەرێخرا کە بەدەیان هەزار کەس بەشداریان تیاکرد، وەدەستبردن بۆ پێکهێنانی میلیشای شوراکان بە مەبەستی وەڕێخستنی بزوتنەوەیەکی چەکداری بۆ وەستانەوە بە دژی گەرانەوەی بەعسدا بۆ کوردستان، وە جێخستنی دەیان سونەتی خەباتکارانەی لە چەشنی بەرپاکردنی کۆبونەوەی گشتی، بەرپاکردنی مەراسیمەکانی 8 مارس، یەکی ئایار، یادی مارکس و لینین و شۆرشی ئۆکتۆبەر... لستێکی تر لەوکارانە بوون کە شوراکان لەو ماوە کورتەدا ئەنجامیان دان و تۆماریان کردن.

**بۆپێشەوە: هەڵوێستی ئەحزابی ئەو کات و بەرەی کوردستانی لەگەڵ شوراکان چۆن بوو؟ وەڵامی شوراکان بەوان چی بوو؟ بۆچی شوراکان لە لایەن ئەو حزبانە و بەرەی کوردستانی قەبول نەکرا؟ ڕووبەڕووبوونەوەی میلیشیایی ئەحزابی سوننەتی و عەشیرەتی لەگەڵ هاتنە مەیدانی ئیرادەی خەڵک و ئەم بزووتنەوە نوێیە چۆن بوو؟ ئەکرێ ڕونکردنەوەی زیاتر لەمبارەیەوە بدەن؟**

**عەبدوڵا مەحمود** :بزوتنەوەی قەومی کورد و حزبەکانی ئەوکاتە لە چوارچێوەی سیاسەی جەنگخوزانەی ئەمریکادا و بەمەبەستی خۆجوتکردن لەگەڵ سیاسەتی نەزمی نوێی جیهانی و بۆ پیبڕانی بەشی سیاسی لە عێراقدا لە بەرەی کوردستانیدا کۆببونەوە.

ئەم بزوتنەوەو هیزانە کە بزوتنەوەو هێزی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی چینی بۆرژوازی کوردن، باش دەیانزانی بزوتنەوەی شورایی، بزوتنەوەیەکە لەدژی بەرژەوەندی چینەداراکانی کوردستان و قەلەمرەوی سیاسەت و نفوزیان لەکوردستان، بۆیە هیچ لەوە چاوەروانکراوتر نەبوو کە زۆر بە توندی بە هەموو شیوەو گرتنە بەری رێگای بودەڵە و نەشیاو روبەرووی بزوتنەوەی شورایی ببنەوە.



# پاشماوەی .. دیمانە لەگەڵ عەبدوڵا مەحمود

بە تایبەت کە بزوتنەوەی کوردایەتی و حزب و هێزەکانی تەحەمولی دەنگ بەرزکردنەوەو ڕەخنەی زبری باڵەکان و لقەکانی ناو خانەوادەی خۆشیان، پیناکریت و ئامادەن دۆست و هاوریی دەیان ساڵەی خۆیان لە کاتی یاخی بوون و هەڵگەرانەوەدا، وەکو دوژمن سەیر بکەن و پیلانی لە بەینبردن بۆ یەکتری دابنێن.

بۆیە یەکەم بانگەوازو فتوای بەرەی کوردستانی لەگەڵ گەیشینی هێزی پیشمەرگەیان بۆ ناو شارەکانی کوردستان، لە دژی شوراکان بوو. چ لە رادێۆو چ بەهەموو شیوەو وەسیلانەی بەدەستیانەوە بوو.. وتیان شوراکان رەسمی نین، دروستکراوی دەستی دەرەکین، دوژمنانی کورد لەپشتیانن، هەڵسوراوانی جیگەی گومانن، پاشانیش کەوتنە هەرەشەو چاوسورکردنەوە بەخشینەوەی درۆو ناوناتۆرەنان لە هەلسوراوانی شوراکان و رەوانەکردنی میلیشیاکانیان بۆ سەر بنکەکان بەمەبەستی ترساندنی چالاکوانانی شوراکان و کرێکاران و خەلک و داخستنیان.

بەڵام چ هەرەشەکانیان و چ زۆرهینانیان و چەک بەرزکردنەوەیان نەک نەیتوانی شوراکان پاشەکشە پیبکات، بەلکە روبەرووی کاردانەوەیەکی گەورەی جەماوەری و جەسارەتی شوراکان بونەوە، بەرواری 18/3/1991 زۆرێک لە شوراکان بە ڕێپێوان ئاپۆرەیەکی جەماوەریان لەبەردەم بارەگای سەرەکی بەرەی کوردستانی لە سلێمانی بۆ وەستانەوە بەرووی ملهوریەکانی بەرەی کوردستانیدا، سازدا. دواتر رۆژی 18/3 لەلایەن شوراکانەوە کرا بە رۆژی شورا لە کوردستان.

**بۆپێشەوە: پاشەکشەی بزووتنەوەی شورای و نەمانی شوراکان ئەگەڕێتەوە بۆچی؟ خاڵە لاوازەکانی شوراکان چیبوون کە نەیتوانی درێژە بە خۆی بدات؟ بۆچونێک هەیە دەڵیت: شووراکان بۆیە نەمان چونکە دروشمەکانیان لە گەل واقێعیەتی کۆمەڵگا نەدەهاتەوە ئیوە لەمبارەوە وەلامتان چی‌یە؟**

**عەبدوڵا مەحمود** :بەر لەهەموو شتێک پێویستە ئاماژە بە راستیەک بدەم ئەویش ئەوەیە کە راپەرین و خرۆشانی جەماوەری خەڵکی کوردستان و لاوازبوونی ڕژێمی بەعس، بەرهەمی پیشرەوی بزوتنەوەی شۆرشگیرانەی خەلکی کوردستان، بەرهەمی پیشرەوی سەنگەر بەسەنگەری بزوتنەوەیەک بۆ وەدەرنانی بەعس، بەرهەمی چونە پێشی خواستی کۆتاییهینان بە زوڵمی قەومی، بەرهەمی خۆسازدان و خۆرێکخستنی سەربەخۆو پیشوەختی خەلکی کوردستان، بەرهەمی بزوتنەوەیەی کارو خەباتی هیزێکی رادیکاڵ و شۆرشگیرو هاوبەرژەوەند لەگەل خواستی بەرهەقی خەڵکی کرێکارو ستەمدیدەی کوردستان، بەرهەمی ئیرادەی بەگەرکەوتووی خەڵک .... نەبوو. بەلکە بەرهەمی لاوازبوونی ڕژیم و جەستەی ئەنجن ئەنجنکراوی سوپاو هیزەکانی بوو. پەرتەوازەبوون و لاوازی ڕژیم بە هۆی جەنگێکی کۆنەپەرستانەوە بوو، کە نەک هەڵگری هیچ پێشکەوتنخوازیەک نەبوو، بەڵکە جەنگ و سیاسەتی جەنگی چوارچێوەیەک بوو بۆ رەسمیەتدان بەنەزمێکی نوی لەسەر کەلاوەی شکستی بۆرژوازی بلۆکی شەرق لە جوغرافیای سیاسی عێراقدا وە لە چوارچیوەی جەنگێکی بێ ئاماندا لە دژی چەپ و کۆمۆنیزم و بەرابەری خوازی کە لە دنیادا وەڕێخرابوو.

راپەرینی خەڵکی کوردستان و خواروی عیراق خرۆشانیکی ناوەخت و قۆستنەوەی فرسەتێک بوو، بە سازدان و هەڵخراندنی لە لایەن کۆنەپەرسترین هێزی قەومی و دینی کرێگرتەو هەڵکورماو لەبەردەم سیاسەتی ملهورانەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیدا، وە ئاسۆی زاڵ بەسەر راپەریندا ئاسۆی بزوتنەوەی قەومی کورد بوو. چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان لە ناسینی ماهیەتی جیهانی جەنگ و ئاکامە ترسناکەکان و ئاسۆی زاڵ بەسەریدا، غافڵگیر کران و نەیانتوانی خۆیان لەو ئاسۆیە داببرن و بزوتنەوەیەکی سەربەخۆو دژ بە سیاسەت و جەنگخوازی ئەمریکا، سازبدەن و ببنە بەشێک لەو بزوتنەوە وەرێکەوتوە شارستانیەی ئەوکاتەی دنیا کە شەقامەکانی دنیای تەنیبوو. ئەمە بەرجەستەترین لاوازی و کەم و کوری بناغەیی چەپ و کۆمۆنیستەکان بوو.

هەروەها لە کاتێکدا چەپ و کۆمۆنیستەکان خەریکی پێکهێنانی شوراکان بوون کە کەش و هەوای سیاسی ئەوکاتە کۆنەپەرستانە بوو، جۆرج بۆشی باوک بە وێنەی فریادرەس تەماشا دەکرا، شەپۆلی دواکەوتووی و ئومێد بەستن بەوەی جەنگ خیروبەرەکەتە بۆ رزگاری روانینی باو و زاڵی شەقام بوو، ئەم دۆخە کاری کۆمۆنیستەکانی بێئەندازە سەخت کردبوو، ئیرادە بەخشین و خستنە رووی بەدیل و ئەلگۆیەکی تر و ئاسۆیەکی تر لە کەشی بێئیرادەیی خەڵکدا خود بەخود توانایی چەپ و کۆمۆنیستەکانی سنوردار کردبوو .

لاوازیەکی تری بزوتنەوەی شورایی نەبوونی حزبی کرێکاری و کۆمۆنیستی بوو. کە ببێتە بربرەپشتی شوراکان و لەبەرامبەر هێز و حزبە قەومیەکاندا بوەستێتەوەو پاشەکشە بە پیلان و نەخشەکانیان بکات و خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشیش ئەو هێزەی پشت و پەنای شوراکان ببینن. هەروەها حزب دەیتوانی ببێتە چوارچێوەیەکی ڕێکخراوەیی بۆ کۆمۆنیستەکان و رابەرانی کرێکاری. نەبوونی حزب و لە جێگای ئەوە پەرش و بڵاوی کۆمۆنیستەکان لە چەندین ڕێکخراوو دەستە و کۆرۆ کۆمەڵدا، زۆرێک لە توانایی ئەم هیزو سەرمایە گەورەیەیی بەهەدەردەداو هاوفکری و هاوهەلوێستی .... بەش بەشکردبوو.

بە کورتی شوراکان پیویست بوو هیزو حزبی سیاسی لە پشتی بیت، نەبوونی ئەم وەسیلەیە لاوازیەکی بەرجەستە بوو.

هەروەها بی تەجروبەیی یەکێکیتر لە لاوازیەکان بزوتنەوەی شورایی بوو، بۆ یەکەمین جار بوو چەپ و کۆمۆنیزم لە فەزاو دۆخی بزوتنەوە بورژوازیەکاندا، بەدیلی کۆمونیستی بۆ سازدانی کۆمەڵگا بخاتە روو. وە لەوەش واوەتر بۆ یەکەمین جار بوو چەپ و کۆمۆنیستەکان پێ بنێنە ناو کێشمەکێشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پراکتیکی بەرفراوانی کۆمەڵگاوە.

بەڵام هیچکام لەو لاوازیانە نەبوونە مەبنای سەرەکی پاشەکشەی یەکجاری بزوتنەوەی شورایی، ئەوەی کە پاشەکشەی بە شوراکان کرد، گەرانەوەی هێزە کەڵپە بە خوێن و بریندارو درندەی بەعس بوو بۆ کوردستان، وە تاکە بەرەنگاریەکیش کە بەرامبەر بە هێزەکانی بەعسدا کرا هەڵسوراوانی کۆمۆنیست و بزوتنەوەی شورایی بوون چ لە هەولێرو چ لە سلێمانی، کە زۆر بەداخەوە لەم بەرەنگارییە



سەفرەزەیەکی چەکداری بزووتنەوەی شورایی دوای هێرشەکانی حکومەتی بەعس بۆ سەر شارەکانی کوردستان لەناوچەی رانیە ، ٥/٤/١٩٩١

نابەرابەرەدا، ژمارەیەک لە هاورێیانی کۆمۆنیست و هەڵسوراوانی شوراکان گیانیان بەخت کرد.

سەبارەت بەو درۆیەی کە حزبە کۆنەپەرست و قەومیەکان دەیان وت شوراکان دروشمەکانیان لەگەڵ واقعیەتی کوردستان نەدەهاتەوەو نەدەگونجا، درۆیەکی ئاشکرایە. ئەگەر وابوو ئەی هۆی چی بوو بە دەیان هەزارکەس لە کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش لە دەوری شوراکان کۆببونەوە؟ ئەی کەوابوو بۆچی بەرەی کوردستانی کەوتە بەرامبەر بە شوراکان و هەرەشەو چاوسورکردنەوە لە هەڵسوراوانی؟

بە پێچەوانەوە شێتگیربوونی بەرەی کوردستانی لە کۆمۆنیستەکان و لە شوراکان جوتبوونی داواو دروشم و داخوازیەکانی شوراکان بوو لەگەڵ دروشم و داواو داخوازیەکانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان. ئەگەر شوراکان و دروشمەکانی نامۆ بوایە بە کۆمەڵگای کوردستان، حزبە قەومی و بۆرژوازیەکانی کورد وهاوکات وڵاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەش نیگەرانیەکیان نەدەبوو.

## پاشماوەی دیمانە لەگەڵ... سەردار عەبدوڵا

گۆڕانە، ئەمانە کاریان ئەوەیە بەناوی دیفاع لەخەڵک و ماف و ئازادییەکانی، هاتوون تەنها دەسکەوت بۆ خۆیان بچنەوە و

هاتوون نارەزاتییەکانی خەڵک بە ئاژاوەگێری نیشان بدەن، تا دەسەڵات بە ئاسانی بتوانێت سەرکوتیان بکات. هۆیەکەی تریش بەڕای من نەبوونی بەدیلێکی بە هێزە کە بەڕاستی بتوانێ لە پشت ماف و ئازادییەکانی خەڵکەوە بێت. زیاتر مەبەستم لە هێزێکی وەک بەلشەفیەکانی ڕوسیایە کە بتوانێ هەڵگری پەیامێکی شۆڕشگێڕانە بێت و بە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی ئەم بارودۆخە کۆتایی پێ بێنێت.

**بزوتنەوەی شورایی وەک واقیعەتێکی تازەی خەباتی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان، بەرهەمی سەرهەڵدانی چینی کرێکاری کوردستان و بزوتنەوەی چەپ و سونەتێکی ڕادیکالی ئینسانییە، بەرهەمی هاتنەکایەی کۆمەڵگەی شاری و خەباتی سیاسی و جەماوەری خەڵکی کوردستانە.بەپێچەوانەی ناسیونالیزم و بزوتنەوەی کوردایەتی کە لادی و شەڕی پێشمەرگانە چوارچێوە و ڕێبازی تەقلیدی باوی بەسەر خەڵکی کوردستاندا داسەپاند بوو، شوراکان سونەتیکی تازەی خەبات و ڕێبازێکی پێشکەوتوانەو مۆدێرنی لەکۆمەڵگەی کوردستاندا بەرجەستە کردەوە**

دوا لاپەڕە
پاشکۆی ژمارە ( 23 )
بۆپێشەوە
FORWARD
بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
راوێژکاری سەرنووسەر: رێبوار ئەحمەد

تێبینی:
بەشداربووانی ئەم ژمارەیە: تەنها ژمارەیەک هەڵسوراوی سیاسی و رابەرانی راپەرین و بزوتنەوەی شورایی لە کوردستانن... لەناو سەدان، هەڵسوراو تیکۆشەری چەپ و کۆمۆنیستی تردا...

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

# دوو شیعری عەبدوڵا سڵێمان(مەشخەڵ)
## سەبارەت بە شووراکان و بزووتنەوەی شوورایی

## بانگ

لەوەتەی هەم
پێم دەڵێن نەزان و گەمژە
پێم دەڵێن شایانی حوکم و
دەسەلات نیت
"هەروابوە و هەرواش دەبێ
دەسەلا و حوکم کردن
پیشەی زاناو گەورە پیاوە
کەی دەگونجێ
بۆرە پیاوێ
گێل و گەمژە حوکم بکات ؟
ئەی بروسکەی ڕاچەنین و
ڕاپەڕین
من بووم بارانی هەستانم
بەسەر ورد و شۆمی ژیانا
باراند و
خۆزگەی دڵم نابەسنگی
ئازادییەوە
دونیا بەرهەمی دەست
ڕەنجمە
لەوەتەی هەم ئەم دونیایە
بەرینتر و
جوانتر دەکەم
خۆیشم ڕۆژ دوای ڕۆژ
پتر بەناخی مردندا ڕۆ دەچم .
من پیسترین دڕندەی سەردەم
تۆقان
چۆن ناتوانم دەسەڵاتێ
وەرێبخەم
هەم ئازادی و هەم
یەکسانی .
تاج بن بۆ سەر سەری
ئینسان .
ئەو کرێکارەم کە
دوژمنانم بۆرە پیاوم پێ دەڵێن
پڕ بە پڕی زەوی و ئاسمان
تامەزرۆی دونیای یەکسانم
بۆ ئەو ڕۆژە لە ئێستاوە
شووراى خۆم دادەمەزرێنم
بناغەی دەسەڵاتی خۆم
دەسەڵاتی حوکومەتی کرێکاریی
هەر ئێستاکە پێک دەهێنم
دەسا دەستان دەنە دەستم
بۆ شوورایەک
بێتە دی خەوی سەد ساڵە.
بن بڕتر کەین ئەو ژیانەی
چەشنی گوژاڵکی تەڕ تاڵە.

١٩ ی ئازاری ١٩٩١
هەولێر

تێبینی :ئەم شیعرە لە مەڵبەندی شوورا کرێکارییەکان لە هەولێر لە ساڵی ١٩٩١ بەدەنگی شاعیر خوێنرایەوە و دواتریش بەدەنگە زوڵاڵەکەی هاوڕێ پشکۆ لە کاسێتی تیپی پێشڕەوی چەوساوەکان بڵاو کراوەتەوە.


بەرەو شوراکان
بلاوکراوەی کۆمیتەی بەرپاکردنی شوراکان
ژمارە (١) کانونی دووەم ١٩٩٥
سەرووتار
باشوراکانمان دابمەزرینیت
ڕێگاچارەی دوێنێ و ئەمڕۆ، شورایە!
بژی دەسەڵاتداریتی شورایی!

## لەدایک بوون

مەلۆتکەیەک لە منداڵدانی
ئازاری نەوەد و یەک
بەدەم ژانێکی گەورەوە
چاوی ژیان
یەکەم هەنگاو
کسپەیەک و
چەندین چرپە و
هاوارێکی مەزنی لەگەڵ لە
دایک بوو
هێشتا ناوکی نەبڕدرابوو
لەباریان برد
یەکەم زیرەی هاتنە دونیای
تروسکەی گڕ
ناڵەی بورکان
گرمەی خۆزگە و
چەخماخەی دونیای یەکسانی
لێ پچڕا بوو
لەدایکێکی تێکۆشان و
ناڕەزایی
ئاوسی دەستی ستەم بووە و
گڕو گاڵی کردە ئاڵا و
شاڵاوی بۆ خوای ئاسمان و
زەوی ئەبرد
بۆیە نەیان هێشت پێ بگرێ و
زەردەخەنەیان لێ تۆران
هەر دەست و برد
ئەم شوورایەیان قاچاغ کرد
*
ئێستا شووراى کرێکاریی
وەکو خەبات
وەک ڕزگاری سەرجەم بەشەر
لەستەم و نا پاکسانی
مۆری یاساغ
قفڵی زمان
کۆتی هەنگاو داخی دەکا
ئێستا شووراى کرێکاریی
ژانە سەرێکی شێتگیرەو
بورژوازی ئەتۆقێنێ
پەیامێکە و
مشتێ زەبری چینایەتی
ئەچوقێنێ
ئێستا شوورا نەناسنامە و
نەپاسەپۆرت
نەسنور و
نەزەبر و زەنگ نایبەزێنێ.
سەهۆڵبەندە و ،
جەستەی ڕچیوی سەرمایە
ئەتەزێنێ.

٣٠ ی کانوونی دووەمی ١٩٩٢




میتینگی جەماوەری گەورەی شوراکان لەشاری سلێمانی- 1991/3/16


مەفرەزەیەکی چەکداری بزووتنەوەی شورایی دوای هێرشەکانی حکومەتی بەعس بۆ سەر شارەکانی کوردستان لەناوچەی رانیە، ١٩٩١/٤/٥

رابەران و هەڵسوراوانی راپەرین و بزوتنەوەی شورایی لەهەر کارگەو شارو شارۆچکەیەکدا بەسەدان تێکۆشەر بوون، بەداخەوە ئێمە دەستمان بە زوربەیان رانەگەیشت و ژمارەیەکیش نەیتوانی وەڵام بدەنەوە... دیارە بۆپێشەوەش وەکو بڵاوکراوەیەک سنورداره... بەهیوای ئەوەی لە داهاتوودا، بتوانین دەستمان بەژمارەیەکی زۆرتریان رابگات..
**بۆپێشەوە**